# ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

**National Security Agency of reginal Kurdistan**

**د.سالار باسیره**

**پسپۆر لە بواری زانستە سیاسیەکان**



salarbasira@hotmail.com

# ئاسایش گەورەترین دوژمنی ئەو بونەوەرانەیە کە بە لەنێوچوون مەحکومن

**(شێکسپیر)**

# ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

National Security Agency

## ناوەرۆك

*پیشەکی

**تەوەری یەکەم**

* ئاسایش بیرۆکەیەکی نوی نیە لەمیژووی مرۆڤایەتیدا
* رەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش
* دارشتنی ئاسایش لەبەر رۆشنایی چوار بنەمای بنچینەیی ساز دەبێت:
* چوار ئاستەکەی ئاسایش
* ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی گرنگ وبایەخدارە
* ئاسایش چیە؟
* هەرەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان

**تەوەری دووەم**

* ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا
* سەنتەری لیکۆلینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەرێم
* کام ناو لەم ستراتیژە بنرێت؟
* سەرۆکی پاراستن پلەی وەزیری هەیەو شەرعیەتی پەرلەمان بەدەزگاکەی دراوە
* ئاسایشی هەریم لەسایەی قۆناغی ئیستەی عیراق
* ئاسایشی حیزبی و ئاسایشی نەتەوەیی
* گەران بە شوێن کەسە پسپۆرەکاندا
* ئاسایشی کورد لەسایەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان
* فیدرالیزم بۆ قۆناغیك خالی ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیری دەبێت لەعیراق دا
* بەم بیرکردنەوە مەزهەبی وسیاسیەی ئیستەی، عیراق نابیتە خاوەنی

ئاسایشێکی نەتەوەیی ونیشتمانی

* پرۆژەکەی د.موفق ربیعی راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عیراق
* بۆ دارشتنی سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی سوود وەرگرتن لەئەزمونەکان
* فاکتەرەکانی راگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی لەعیراق دا

**تەوەری سێیەم**

* ئاسایشی نیودەولەتی
* تیکدانی ئاسایشی نیودەولەتی بەهۆی چەوت رەفتارکردنی مرۆڤەوە

**تەوەری چوارەم**

* ئاسایشی نەتەوەیی، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە نمونە
* یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
* ئاسایشی ستراتیژی نەتەوەیی سەردەمی فەرمانرەوایی دەسەلاتی بوش
* رۆلی دەزگای هەوالگری بۆ سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی

* ئەو لایەنە کوردیانەی لەهەریم بەشداربن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دا
* دەرئەنجام
* سەرچاوەکان

## پێشەکی

ئاسایشـی نەتـەوەیی بـۆ کـورد لەسـەرجەم بەشـەکانی کوردسـتان لەلایـەن ئـەو دەولەتانـەوە ئاسایی دەبیت بگیریتەبەر کە کورد تێیدا دەژی. شیوازی پاراستنی ئەم ئاسایشە لەلایەن ئـەم دەولەتانەوە چۆن بوە پێویست بەرونکردنەوە ناکات. ئەوەی جێگای باسەکەیە لێرەدا بریتیـە لەباشوری کوردستان ئەو بەشەی کـە بەکوردسـتانی عێـراق ناسـراوەو لـەدوای راپەرینـەوە بـە هەرێمی کوردستانی عیراق ناودەبرێت. عیراق بەپێی دەستوری ناوەند دوای روخانی بەعس بـە عیراقی فیدرال نـاودەبرێ بـەلام بـەپراکتیك کـاری پێنـەکراوەو ئـەوەی هـەریمی کوردسـتانیش لەدوای راپەرینەوە بۆتە ئەمری واقع بەسەر دەولـەتی عیراقـەوە. ئایا ئاسایشـی ئـەم هەرێمـە لەچوارچـێوەی عیراقێکـی فیدرالـدا بـەدی دێـت؟ ئایـا دەکـرێ پـرۆژەیـەکی ئاسایشـی تایبـەت بەهەریمی کوردستان هەبێت، وئایا چۆن لەرووی سیاسی و یاساییەوە مامەلەی لەگەلـدا بکـرێ لەسەر ئاستی نیوخۆی هەریم وعیراق ونێودەولەتی؟

هەلەیە ئەو کاتـە بـیر لەدروسـتکردنی دەزگایـەکی ئاوهـا بکریتـەوە کاتیـك کـە دەکەوینـە بـەر هەرەشەیەکی جدی نیوخۆ، یان دەرەکی وەك ئەوەی تورکیاو ئیران کە بۆتە پەیام وزەنگیکـی جدی بۆ سەر ئاسایشی هەرێم، ئەمە هەرچەندە ئاسایش بەتـەنیا هەرەشـەی دەرەکـی وتـیرۆر ناگریتەوە. ئەوەی لیرەدا کارم تیدا کردوە بریتیە لەکردنـەوەی دەروازەیـەك بـۆ بابـەتیکی زۆر هەسـتیارو گـرنگ کـە پیویسـتی بـە دامەزرانـدنی دەزگـاو ئەنجومـەنیکی موئەسەساسـی هەیـە لەهەریم کە هەتا نوسینی ئەم پرۆژەیە ئەنجام نەدراوە. یەکیك تر لە ئامانجی ئەم نوسـینە بـۆ پیشـکەش کردنـی زانیـاری و هوشـیارکردنەوەی جـەماوەر، دروسـتکردنی رای گشـتی بـۆی و هــەروەها راکیشــانی ســەرنجی دەســەلاتی سیاســی لەهــەریمی کوردســتان بــۆ ئەنجامــدانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەریم، ئاسایشی نەتەوەییەك کـە سـەرجەم بوارەکـانی ژیـانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی بگریتەوەو بەم ئەرك و لیپرسینەوە نەتەوەییە مامەلە بکات.

# تەوەری یەکەم

## ئاسایش بیرۆکەیەکی نوی نیە لەمیژووی مرۆڤایەتیدا

ئاسایش بیرۆکەیەکی نوی نیە لەمیژووی مرۆڤایەتیدا. هەر لە کۆمەلگا سەرەتاییەکانەوە هەرەشەو مەترسی و ترسی دەرەکی بۆ سەر مرۆڤ بۆتە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی خۆپاراستن. مرۆڤ هەموو هەولیکی سەرەتایی داوە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی وخۆپاراستن و دلنیایی بەرامبەر بە ترس و هەرەشە هەمەلایەنەکانی سەر ژیان لەهەرەشەکانی سروشت و گیانلەبەرە درندەکان وتەنانەت زەبروزەنگی مرۆڤ دژ بەیەکتر. لیرەدا لەژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی تاك کاردانەوە غەریزیەکان رۆلی بینیوە. خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتەکان و خربونەوەیان لە چوارچیوەی خیزان و کۆمەلی بچووك لەو میتۆدانە بوون کە مرۆڤەکان دلنیایی و ئاسایشی پیّ بەدەست بهینن. پیشتر بەشیوازی تاك ژیاون بەلام دواتر بەم هۆیانەی سەرەوە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دروست بوون. کەواتە چەمکی ئاسایش لەمیژوی ژیانی مرۆڤایەتیدا چەمکیکی دیرینەو لەگەل بوونی مرۆڤدا ئەمیش بوونی هەبووە، بەلام کۆمەلگا لەشیوازیکی سادەوە گەشەی کردوە بۆ شیوازیکی ئالۆزتر.

### رەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش

**یەکەم**: رەهەندی سیاسی: پاریزگاری لەکیانی سیاسی دەولەت دەکات.

**دوەم**: رەهەندی ئابوری: کەش وهەوای گونجاو بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی گەل و تەوفیر کردنی رێگای پێشکەوتن ورەفاهیەت بۆی.

**سێیەم**: رەهەندی کۆمەلایەتی کەمەبەستی رەخساندنی ئاسایشی هاولاتیان بەقەد ئەوەی گەشەپیدانی هەستکرد بەوەی کەسەربوون وپشتیوانیکردن زیاد دەکات.

**چوارەم**: رەهەندی ئایدیۆلۆژی کەهزرو بیروباوەرەکان زامن دەکات وداب ونەریت و بەهاکان دەپاریزیّ.

**پینجەم**: رەهەندی ژینگەیی، زامنکردن دژی مەترسیەکانی ژینگە بەتایبەتی دەربازبوون لە شتی بیکەلکی توورردرا.

### دارشتنی ئاسایش لەبەر رۆشنایی چوار بنەمای بنچینەیی ساز دەبێت:

**یەکەم**: پەی بردن بەهەرەشەکان جا دەرەکی بن یان ناوخۆ.

**دووەم**: ويناكردنى ستراتيژيەتيك بۆ گەشەپيدانى هيزەكانى دەولەت وپيويست بوون بەرەو دەرچوونى زامنكراو.

**سێيەم**: رەخساندنى تواناى روبەروبونەوەى دەرەكى و ناوخۆ بەبنياتنانى هيزى چەكدارو هيزى پۆليس كەتواناى بەگژداچوون وروبەروبونەوەى ئەم هەرەشانەى هەبيت.

**چوارەم**: ئامادەكردنى سيناريۆو كارڕايى بۆ روبەروبوونەوەى هەرەشە جا دەرەكى بن يان ناوخۆ.

## چوار ئاستەكەى ئاسايش

**يەكەم**: ئاسايش دژى هەر مەترسيەك هەرەشە لەژيان يان مولك ومال يان خيزان دەكات.

**دووەم**: ئاسايشى نيشتمان دژى هەر مەترسيەكى دەرەكى يان ناوەكى دەولەت كە بەئاسايشى نيشتمانى ناودەبرێ.

**سێيەم**: ئاسايشى ولات، يان ئاسايشى بەكۆمەل. مەبەست چەند دەولەتيكە لەچوارچيوەى يەك ئيقليمدا لەسەر رەنگريژ بۆ روبەروبونەوەى ئەو هەرەشانەى لەناوەوەو لەدەرەوەدا كە روبەرو دەبنەوە بەئاسايشى نەتەوەيى دەردەبردرێ.

**چوارەم**: ئاسايشى نێودەولەتى: كە رێكخراوەكانى نێودەولەتى دەيگرنە ئەستۆ، جا ئەگەر كۆمەلەى گشتى نەتەوە يەككگرتوەكان يان ئەنجومەنى ئاسايشى نيودەولەتى رۆليان لەپاراستنى ئاسايش وئاشتى نيودەولەتى بێت.

## ئاسايشى نەتەوەيى بوارێكى گرنگ وبايەخدارە

ئاسايشـى نەتـەوەيى بريتيـە لـە بربـرەى پشـتى كۆمـەل و دەولـەت و بـارى سـەقامگيرى. بـەكارهێنانى زاراوەى ئاسـايش دەگەريتـەوە بـۆ كۆتـايى جـەنگى دوەمـى جيهـانى لەكاتێكـدا كەشـەپۆلێك لـە ئـەدەبيات دەركـەوت ودەكۆليـەوە لەچـۆنيەتى بەدەسـت هێنـانى ئاسـايش و دوركەوتنەوە لەجەنگ و لەئەنجامـەكانى. دەركـەوتنى تيۆريـەكانى رەتكردنـەوەو سـەقامگيرى ودواتـر پێكهـاتنى ئەنجومـەنى ئاسايشـى نەتـەوەيى ويلايەتـە يكگرتوەكـانى ئـەمريكا لەسـالى 1974، لـەو بـەروارەوە تيگەيشـتن لـە "ئاسـايش" بەئاسـتە جياوازەكانيـەوە بـەپێى سروشـت وبـارودۆخى ئيقليمـى و نێودەولـەتى بـەكارهێنراوە. ئاسايشـى نەتـەوەيى بـوارێكى زۆر گـرنگ وبايەخدارە لەژيانى سياسى دەولەتان و گەلانداو بيرۆكەيـەكى نـوێ نيـە لەمێـژووى مرۆڤايـەتى وفەرهەنگى گەلان ودەولەتاندا بەلام مێژويەكى نوێيە لەزانستە سياسيەكاندا. بـەزۆرى لەلايـەن

سیستەمە سیاسیەکان وحکومەتەکانەوە بەکار هێنراوە، بەلام کاریگەرتر لەسەردەمی دروست بوونی دەولەتی نەتەوەیدا بایەخی گرنگتری بەخۆوە گرتوە بەتایبەت دوای جەنگی دوەمی جیهانی بەشێوەیەکی رەها. لە بواری ئاسایشی جەنگ و تیرۆرەوە بوارەکانی ئاسایشی ئابوری و ژینگەو کشتوکال و لایەنەکانی کۆمەلایەتیشی گرتۆتەوە لەناو ئەم سیستەمی ئاسایشەدا. نەتەوەو گەلان وکۆمەلانی ولاتێك پێویستی بە ئارامی و ئاسایش هەیە بۆ ناوخۆ کەگشت ئاستەکان دەگریتەوە، هەروەها لەهەرەشەی دەرەکیش. ولات پێویستی بەئاسایش هەیە، دانیشتوانەکەی پێویستی بەئاسایش هەیە، هەروەها ئاسایشی ئازادی سیاسی و ئابوری، مافی مرۆڤ (مافی تاك و کۆمەل)، تەساموحی ئاینی بەلام سنوردانان بۆ فەناتیزمی ئاینی وهەروەها بەرەنگاربوونەوەی راسیزم. وەزارەتی ناوخۆ پشکی گرنگی خۆی بەردەکەویت. هەموو ئەمانەش رێگان بۆ راگرتنی ئاسایش وسەقامگیری نێوخۆ. پەیرەوکردنی ئەو تیۆرەش کە ئازادی سیاسی ئاسایش دروست دەکات بەلام بەپێی هەلومەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی ئەو ولات ودەولەتە. ئاسایشی نەتەوەیی بەواتا ئاسایشی تاکەکانی کۆمەلیش دەگریتەوە. کیشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە لێکۆلینەوەی ناوەرۆکەکەیەوە دەست پێدەکات.

## ئاسایش چیە

لەدیدی وەزیری پێشوی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێنری کیسنجەر ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای هەر کردارێکی کۆمەل کە بەرێگایەوە تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی مافی خۆی بۆ مانەوە. یەکیك لەو کەسە ناسراوانەی کە دەربارەی ئاسایش نوسیویەتی بریتیە لە (رۆبێرت مکنمارا) وەزیری بەرگری پیشوی ئەمریکی و یەکیکە لە بیریارە مەزنەکانی بواری ستراتیژی. لەکتیبەکەیدا (جەوهەری ئاسایش)، دەنوسێت: "ئاسایش بەواتای گەشەیە کە بوارەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی و سیاسی دەگریتەوە لە پال پاراستنی مەزمون". ئاسایشی راستەقینەی دەولەت لە مەعریفە قولەکەیدا بۆ ئەو شتانە هەلدەقولیت کە هەرەشە لە توانا جۆراوجۆرەکان دەکات، ئەو شتانەی کە دەیەوێ گەشە بەتواناکان بدات لە سەر ئاستی سەرجەم بوارەکاندا بۆ ئیستە و بۆ ئایندە. ئاسایش دەبیت فاکتەری نەهیشتنی ترس بێت، ترس بە واتا گشتیەکەی لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی وکۆمەلایەتی، ئیتر بۆ سەر ئاستی ناوخۆ بێت یان دەرەکی بۆ ئەوەی مرۆڤ ناچاری ئەوە نەبیت پەنا بەریتە بەر زەبروزەنگ بۆ بەدەست هینانی مافەکانی، بەپێی توانا دورکەوتنەوە لەتیۆری وئەفکاری جەنگ وتیرۆر بۆ نیوخۆو بەرامبەر دراوسێکانیش. ئەمانە هەمووی بابەتی ئاسایشن وکاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ئاسایش.

نەتەوەیەك ئاسایشی هەیە ئەگەر بەرژەوەندیە شەرعیەکانی خۆی نەکاتە قوربانی. توانای نەتەوەیەك کەبەها ناوخۆیەکانی خۆی لەبەردەم هەرەشەی دەرەکیدا بپارێزێت. بۆ پاراستنی ئازادیە سەرەکیەکان ومافەکانی گەل، پیویستە رەچاوی زەمان کردنی پیکەوە ژیانیکی ئاسایشانەی هەموو مرۆڤەکان بکریت. هەروەها زەمان کردنی ئاسایشی دامودەزگاکانی ولات و بەرەنگاربونەوەی جەرائیم. ئەم ئامانجانە پیویستە بەهۆی نەهیشتنی لاوازی و کەموکوریەکان لەسیستەمی ئاسایشی نیوخۆ بەدەست بهینرین. بەواتا ئاشتی لە ئاسایشدا.

## هەرەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان

زۆر دیاردەی مەترسیدار هەن کە لەسەدەی بیست و یەك لە جیهاندا هەرەشە لە ئاسایشی ولات ومرۆڤەکانی دەکەن کە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نیە لەم مەترسیانە، لەوانە: ***ئاسایشی ژینگە. بەواتا** (رێگاگرتن لە هەوای پیس، دابین کردنی ئاو، زەوی بەپیت بۆ کشتوکال و بەدارستان کردنی ولات..).***ئاسایشی خۆراك** (رێگاگرتن لە خۆراکی بەسەرچوو لەدەرەوەی ولات لەلایەن سەرمایەدارە دەسترۆیشتوەکانەوە، بەرهەمهێنانی خۆراکی محەلی بەرێگای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانەوە..).

***ئاسایشی ئابوری- کۆمەلایەتی** (رێگاگرتن لە برسیەتی و هەژاری و لەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی سوئی تەغزیە دروست دەبن، بێکاری، زەمانی کۆمەلایەتی، رێگاگرتن لەشتە مەترسیدارەکان بۆ سەر ژیان وەك نەخۆشی و زامن کردنی تەئمینی تەندروستی. ***ئاسایشی سیاسی** (ئازادی سیاسی، زۆرانبازی سیاسی وفکری لەبری تەسککردنەوەی ئازادیەکان تەنانەت لەگەل لایەنە توندرەوەکاندا باشترە جێگای بەکارهێنانی سیاسەتی زەبروزەنگ وتوندوتیژی بگرێتەوە. بەرەنگار بوونەوەی تیرۆریزم وپەروەردەی ئاشتی کۆمەل). ***ئاسایشی بواری ئابوری:** دروستکردنی ژێرخانی ئابوری (ئینفراسترەکچەر)، وەك تۆری کارەبا وئاو، خەستەخانە وجادەوبان وبواری تەکنەلۆژیاو دروست کردنی کۆمەلگایەکی ئەلیکترۆنی وبایەخدان بە پیشەسازی محەلی لەهەرێم کە بەر وێران کەوتن بووە، نەك لەوەی کەهەرێمی کوردستان کراوەتە بازارێکی بەرفراوانی ساغکردنەوەی خراپترین شمەکەکانی تورکیاو ئێران. کارەبا گرنگترین سەرچاوەی وزەیە بۆ پێشخستنی پیشەسازی. لەکوردستاندا بەنەبوونی ئەم سەرچاوەیە بەملیۆن کاتژمێر وزە وون دەبێت، بەواتا بەملیۆن کاتژمێر لە بەرهەمی ولات وون دەبێت کە گرنگیەکی ژیانیی هەیە بۆ ژێرخانی ئابوری، ئەمە جگە لەئەنجامە گشتیەکانی تری. کەواتە دوبارە ئامارژەی پێئەدەم کە ئاسایش سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و

کۆمەلایەتی و پەروەردەو سایکۆلۆژی و ژینگەی ولات دەگریتەوە، ئەمانەو دیاردەکانی گەندەلیی کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەلگای کوردیشی گرتۆتەوە بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەل. ئەمانەن بەشێکی گرنگی ئەو بوارانەی کە دەبوایە دەسەلات لەهەریم خەمی هەلبگرتایە بەر لە خەمی ئاسایشی دەسەلاتی تاك و خێزان و پارەو سەروەت وسامانەکانی، ئەوانەی کە مولکی گەلە. لەبەر ئەوەی ئاسایشی هەرێم لەلایەن دەسەلاتی ناوەندەوە (الاتحاد) نەتوانراوە بپارێزرێت هەربۆیە کارکردن بۆ پێکهێنانی ستراتیژیەتی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی لەهەرێمی کوردستان کە ببێتە وێنایەکی باش بۆ بەغداش پێویستیەکی ژیانیە. بۆ ئەم مەبەستە پشت بەکەسە پسپۆرو ئەکادیمیستەکان ودلسۆزەکانی ولات ببەسترێت، بەلام ئایا دەسەلات تەکنۆکراتانە بیردەکاتەوە؟


## تەوەری دووەم

## ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا

لەهەرێمی کوردستان/ عێراق کەخاوەن حکومەتیکی هەرێمیەو دەسەلاتە سیاسیەکەی کە لەزۆر لەبوارەکاندا وەك نیمچە دەولەتیك مامەلە دەکات ئەم پیویستیە سیاسی ونەتەوەییە کەبریتیە لە ئەنجومەن و دەزگایەکی بەتوانای ئاسایشی نەتەوەیی هێشتا نامۆیە. خالی جەوهەریی سیاسەتی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەریمی کوردستان دەبیت بریتی بیت لەمانەوەو بەردەوام بوون وتیروانین بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان، بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتمان. ئەو بەرژەوەندیانەی دەبیت دیاری بکرین گەر بمانەوی سیاسەتی ئاسایش بەرنامە ریژبکرێ. مەسەلەی ئاسایش گرنگیەکی ژیانیە بۆ هەریمی کوردستان بەتایبەت کە لەسەر خاکی خۆیدا دامودەزگایەکی نیمچە دەولەتی پێکهێناوە لەچوارچیوەی دەولەتیکی بەپیی دەستور عیراقیکی فیدرال دا، ئەو دەولەتەی کەهەرگیز لەمیژووی خۆیدا نەیتوانیوە ئاسایشی گەلیکی وەك ئەوەی کورد لەچوارچیوەی دەولەتەکەیدا بپاریزیت. ئەمەش هۆکاریکە لەئیستەوە پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ونیشتمانی بۆ هەریم ئامادە بکرێ و لەسەر ئاستی نیوخۆو نیودەولەتی مامەلەی یاسایی پیوە بکات. بۆ دروست کردنی پرۆژەو ئەنجومەنیکی ئاوها پیویستە باشترین تەکنەلۆژیای سەردەم و باشترین پسپۆرو دارایی تەواوی بۆ دابین بکرێت. دەستنیشان کردنی ئەو شارەی دەزگاکەی لێدەکریتەوەو بەباشترین شیوە

پارێزراو بێت. جگه لەوە دەزگایەکی ئاوها پێویستی بەدروشمێکی گونجاو هەیە. گەرانەوەی ناوچە دابراوەکان دەبیت بەشیکی ئەم ستراتیژە بیت.

## باشوری کوردستان (هەرێمی کوردستان و ناوچە دابراوەکان)




### سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەرێم

کردنەوەی سەنتەری لیکۆلینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەریم پیویستی بە پیگەیاندنی پسپۆر هەیە، ناردنی کەسانی گونجاو وئەکادیمی وسیاسەتمەداری لیهاتوو بۆ ولاتانی دەرەوە و دۆست تایبەت بۆ خویندن و بینینیی خۆلی فیربوونی ئەم بوارە بەباشترین شیۆە کەهەموو لایەنە جیاوازو پیویستەکان لەخۆ بگریت. ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوها ژیانی و لەقەوارەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانیدا ودۆزینەوەی تواناکان بۆی کارو ئەرکی دەسەلاتی سیاسیە. ئەو دەسەلاتەی کە گەل دەنگی پیداوە بۆ ئەوەیە ئاسایش و ئارامی تاك وکۆمەل ونیشتمانیی ئەم بپاریزیت نەك بۆ ئەوە بیت گەل ئاسایشی دەسەلات وحیزب بپاریزیت.

## کام ناو لەم ستراتیژە بنرێت

کورد لەهەرێمی کوردستان رەخنەی لەسەر ناوی پرۆژەکەی راویـژکاری ئاسایشـی نەتـەوەیی عێراق موفق ربیعی هەیە کەدەبوایـە نـاوی ئاسایشـی نیشـتمانی بوایـە نـەك نەتـەوەیی چـونکە عێراق نیشتمانیکی فرە نەتەوەیەو هەتا ئیستە لەم دەولەتە شتیك نیە ناوی گەلی عـێراق بیـت و بەشیکی دانیشتوانی عێراق هەلگری بیروڕای بەعێراقی بوونی خۆی نیە. ئایا لەبـەر رۆشـنایی ئەو واقعەی کە لەهەرێمی کوردستان هەیە وەك کەمە نەتـەوەکانی عـەرەب و کلـدۆ ئاشـوری و ئەرمەن و هەروەها کەمایەتیەکانی وەك تورکومان، دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی لەهـەریمی کوردستان بە نەتەوەیی یان بە نیشتمانیش ناوبرێت؟ ئەم واقعە پیویستە بخریتە بـەر وتووێـژ بۆ نەکەوتنە ژێر رەخنەو فشاری نێوخۆو ئیقلیمـی ونێودەولـەتی. دەولەتـەکانی وەك ویلایەتـە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسراو بـەلجیکا فـرە نەتەوەیـەو ئاسایشەکەشـی نـاوی "ئاسایشـی نەتەوەیی"یە، راستە ئەمانیش وەك کورد لەعێراق دا هەلگری هـەمان ناسـنامەی دەولەتەکەیـە بـەلام مافـەکان و مـاف هـاولاتی بـوون بەگشـتی پـاریزراون وهەسـتی بەئـەمریکی بـوون یـان بەسویسری بوون ئەولەویەتی هەیە، بەپیچەوانەی کورد لەعیراق. لێرەدا دەپرسم جیاوازی ئـەو پرۆژەی ئاسایشەی هەریم لەگەل ئەوەی ناوەند دەبیت لەچیدا بیت؟

## "سەرۆکی پاراستن پلەی وەزیری هەیەو شەرعیەتی پەرلەمان بەدەزگاکەی دراوە"

لەکاتی شەری نێوخۆدا "پەرلەمانی هەرێم" یەك لایەنە پەرلەمانی پارتی بوو، بەهۆی جەنگ ونەبوونی بەشداری یەکێتی تێیدا شەرعیەتی نەمابوو. ئەم پەرلەمانەی ئەو قۆناعە سیاسیە شەرعیەتی یاسایی داوە بە دەزگای پاراستن و پلەی وەزیریشی دابوو بەسەرۆکی دەزگاکە. ئەگەر سەرۆکی پاراستن پلەی وەزیری هەبێت، دەبوایە لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا بەشداربوایە کە نەیکردوە، یان دەبوایە لەلایەن حکومەتەوە روبەروی لێپرسینەوە بکرایە بۆ هەر لادانێك کە ئەمیشیان نەکراوە. یان پەرلەمان دەبوایە سەرۆکی دەزگای ناوبراو کە پلەی وەزیری دراوەتێ بانگهێشت بکردایە بۆ پرسیارو وەلام، یان پێداچونەوە بەدەستورەکەدا، کەهیچ لەمانە نەکراوە. *ئیستە لەبری پێکهێنانی پرۆژەو ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی دەسەلات دەیەوێ بەدروستکردنی ئەنجومەنێکی دەزگای هەوالگری* بەدەزگای زانیاری پێشمەرگەشەوە *بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) کۆتایی پێبهێنێت و*

*دەزگاکەش بخرێتە ژێر دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم و لەلایەن پەرلەمانەوە شەرعیەتی پێبدریت. ئەم ستراتیژەو میتۆدەکەی مەترسی بە ئاراستەبردنی ئەم هەرێمەیە بەرەو سیستەمێکی عەسکەرتاریەت وکۆمەلگایەکی موخابەراتی و پاراستن وبەردەوامبوون بە دەسەلاتی تاکی ئۆتۆکراسی.* دەزگای هەوالگری لەراستیدا دەبێت بەشێك بێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، هەروەك چۆن ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی حیزبیش دەپارێزێ، بەلام دەسەلاتی سیاسی لەهەرێم جۆرێکی تر مامەلە دەکات چونکە نیەتی تر لەپشتی ستراتیژیەتەکەدایە. ئەم ئەنجومەنەو ئەوی تری کە ناوی (دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان) ی لێنراوەو ئەمەیان سەر بەحکومەتی هەرێم دەبێت دەگەرێنەوە بۆ هەمان پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەلات لەنێوان دوو حیزبەکە. ئەم دیاردەیەش دوبارە سیستەمی دوو ئیدارەیی دەخاتەوە روو. دەوترێ ئەنجومەنە هەوالگریەکە بۆ پارتی دەبێت و ئەوەی تر بۆ یەکێتی. ئەگەر ئەو هەوالە راست بێت کە لەئایندەدا سەرۆکی دەزگای پاراستن دەبێتە سەرۆکی حکومەت ئەوا لەئێستەوە نیەتەکە بەدی دەکرێت ودەکرێ بوترێ کە هەردوو ئەنجومەن ودەزگا هەوالگری و ئاسایشەکە دەچنە ژێر کۆنترۆلی تەنیا یەك بنەمالەوە. ئایا کامیان ئەولەویەتی هەیە، ئاسایشی نەتەوە، یان ئاسایشی حیزب و خاوەنەکانی؟ یان کار بۆ بەنێودەولەتی کردنی جینۆساید بکرێ کە لەدەستوری عێراقدا وشەیەك نیە بەم ناوەوە کە وەك چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەکار بهێنرێت کە دەسەلات هەتا ئێستە ئەنجامی نەداوە، یان کارکردن بۆ دروستکردنی دەزگاو کۆمەلگایەکی موخابەراتی و بەئەفسانە کردنی سەرۆك؟ ئەی ئایا ئەمیشیان چۆن سیستەمێکی سیاسیە لەم ولاتی گەلە بەد بەختەدا؟ کە دەسەلاتدارەکانی سیاسەتی سیستەمی مەرکەزی پیادە دەکەن و لەبەغداش داوای لامەرکەزی دەکەن. بەلی دەزگاکانی هەوالگری و ئاسایش لەهەموو ولاتانێکدا هەن ودەبێت هەبێت بەلام ئەوەی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان مەبەستیەتی نیەتی باشی نەتەوەیی لەپشتەوە نیە.

## ئاسایشی هەرێم لەسایەی قۆناغی ئێستەی عیراق

سیاسەت و فەلسەفەی دەولەتی عـیراق هەمیشـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە دامـەزراوە کـە دەولـەت دەولەتیکی ناوەندی بێـت و لـەم دیـدەوە کـۆنترۆلی سـەرجەم عـیراق بکـات، هەربۆیـە هـەموو بزوتنەوەیەکی تری وەك ئەوەی کورد لەعیراقـدا وەك هەرەشـەو مەترسـی وەرگرتـوە بـۆ سـەر ئاسایشی عیراق وخودی دەسەلاتەکەی ناوەند. ئەم سیاسەت و بیرکردنەوەیـە لـە سـالی 1921 وە هەتا ئیستە بەم شیوەیە بوە. شێوەی پێکهینانی دەولەتی عـیراق هـەر لەسـەرەتاوە هەلـە بوو. پشتگیری لەکەمینەیـەکی سیاسـی کـرا بـۆ سـەر دەسـەلات و لایەنـەکانی تـر پشـت گـوێ خران. بەلام ئەوەی بایەخی پیـدرا بەرژەوەنـدی ئـابوری وجیۆپۆلـەتیك بـوو بـۆ کۆلۆنیـالیزمی بەریتانی. هەلەیەك، یان سیاسەتێکی عەمدی کەهەتا ئەمرۆکە ئـەنجامی سـەخت وقورسـی لـێ کەوتۆتەوە بۆ عیراق بەگشـتی. کـورد لەهەسـت و ناسـنامە و بیرکردنـەوەی کوردایـەتی خۆیـدا هەرگیز خۆی بەبەشیك لەعیراق دانەناوەو هیچ کات هەستی بـەعیراقیبونی تیـدا نـەبوە، بـەلکو خۆی بەبەشیك لەنەتەوەی کورد دادەنیت کـە ولات وگەلەکـەی لەلایـەن کۆلۆنیـالیزمی ناوچـەو ئەوروپیەوە بەزۆرو بەپیی بەرژەوەندی ئـەو لایەنانـە دابـەش کـراوە. دیـارە نـەبوونی هەسـتی عیراقیبوونی کورد بیێ هۆ نیە. عەرەبی سونە لەعیراق دا ناسـنامەی خـۆی لەنەتـەوەی عـەرەب زۆر زیاتر بەئاراستەیەکی ناسیۆنالیستیدا دەبینێتەوە. نەتەوەیەك و ولاتیك کەبەواقع و لەدیدی ئەمیشدا لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیەوە کۆلۆنیزەو دابەش کراوەو بەم شیوەیە نوینەرایەتی پـان عـەرەبیزم دەکـات، بەتایبـەت لـە ناوچـەکانی وەك عـیراق وسـوریا ولوبنـان دا هەسـت و بزوتنەوەی پان عەرەبیزم بەهیزترە، گەرنا بەعسیزم دروست نەدەبوو.نوینەرەکانی نـاو سـونە لەپەرلەمانی عیراق لەگەل دروست بوونی عیراقیکی فیدرال نین، لەم دیدەوە بـوونی هـەرێمیکی کوردسـتان وەك سـەرەتایەك دەبیـنن بـۆ دروسـت بـوونی دەولـەتێکی کـوردی، ئـەو دیـدەی کـەعیراق بەبەشـێك لەنیشـتمانی عـەرەب دەبینێـت. بـۆ عەرەبـە ناسیۆنالیسـتەکان کـورد هاوپەیمانێتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکات. عەرەبی شیعە بەپلـەی یەکـەم پیـادەی مەزهەبەکەی دەکات بەلام عەرەبچێتیش دەکات. شێعەکانی عیراق هەسـتی مەزهـەبیی خۆیـان زۆر زیـاتر بەسـتۆتەوە بـە شـێعەی ئـیران وەك مەرجەعیـەتیکیش، بـو نمونـە کوتلـەی سـەدر. خواستی ئەم لایەنانە حکومەتیکی ئیسلامی شێعەی مەرکەزیە لـەعیراق. شـیعە مەزهـەبیك کـە زۆرایەتی عیراق پیك دەهینیت وهەرگیز لەمیژووی خۆیدا نـەیتوانیوە بەشـداری دەسـەلات بیـت لەم دەولەتەداو هەمیشە لەپال سێبەری دەسەلاتی حکومـەتی مەرکـەزی دا ژیـاوە. نـە سـونەو عەرەبـە ناسیۆنالیسـتەکان، نەمەسـیح مەزهەبـەکان، ونـەرۆژئاواش ئـارەزووی لـەوە نـەبوە

کەشێعە لەعیراق دا دەسەلات بگریتە دەست. کەواتە ئەو بنەمایانە چین کەگەلانی ناو عیراق بەیەکترەوە ببەستێت؟ ئایا وشەیەك هەیە کەناوی گەلی عیراق بێت؟ شیعە عەرەبەکان ددان بەکوردا نانێت. هەتا ئیستە سونەو شیعە مەزهەب لەگەل یەکتردا هەلناکەن. عەرەبە ناسیۆنالیستەکان ددان بە ماف کورددا نانێن. مەسیح ئاینەکان وتورکومانەکان بەهەمان شیوە تایبەتمەندیتی خۆیان هەیە. بەو واتایەی (هەموو لەگەل یەکترداو هەمووش دژ بەیەکتر). ئەمانە هەمووی هۆیەك بوە کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی سەردەمی بەعس هەرگیز نەیتوانیوە یەکگرتوو بێت وهاوپەیمانیەتیك وستراتیجیەتیکی هاوبەشی نیشتیمانی نەبوە. هەربۆیە رژیمی سەدام حسین بەئاسانی دەیتوانی بەرەنگاریی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ببیتەوەو کەلك لەو بارودۆخە نائاساییەی پیکهاتەی سیاسی و کۆمەلایەتی و مەزهەبیی ئۆپۆزیسیۆن وکۆمەلی عیراق وەربگریت بۆ بەرژەوەندی خۆی بۆ مانەوەی لەسەر دەسەلات. ئەو کاتانەی کە لەگەل کورددا وتوویژی بکردایەو رێکەوتنێکی کاتیی بکرایە ئەوا ئۆپۆزیسیۆنی شێعەی پێ لاواز دەکردو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بەگشتی لەیەکتر دەترازاندو لەکۆتایشدا پاشەکشەی لە وتوویژەکە دەکرد. ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بەیەکترەوە بەستبوو تەنیا لەدژایەتی کردنی رژیمی سەدام حسین دا خۆی دەبینیەوەو هیچی تر. بەواتا ئەم بۆچوون وبیرکردنەوەو بارودۆخەی ئیستە لەناو بەرەکانی تری سیاسیدا بەرامبەر کورد و لەنیوان خۆشیاندا دەیبینین دیاردەیەکی ریکەوت نەبوەو هەندیکیشی بەوەکالەت دەیانەوێ عیراق بەئاراستەیەکی تردا بەرن. ئەگەر عیراق بەپیی دەستور بکریتە دەولەتیکی فیدرالیی و بەپراکتیك کاری پێ بکرایە ئەوا دەبوایە هەموو ناوچە کوردیەکان لەیەك هەرێمدا، لە یەك فیدراسیۆندا کۆبکرایەتەوە نەك بەشیکی لەلایەن ناوەند خۆی داگیر بکرێ. لەچاوپێکەوتنیکی سەرۆکی هەریم مەسعود بارزانی لەگەل رۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا دەلیت:[1]

"گومانم هەیە لەوەی بەرپرسە عراقیەکان لەبەغدا لەرووی مومارەسەی عەمەلیەوە کورد بەشەریکی حوکمی عیراق بزانن. ئەدای حکومەتی عیراق شتیکی نامۆیە. ئێمە هاوبەشین بەلام رۆلمان نیە لەحکومەتدا، هاوبەشیش نین لەمەسەلە ئەمنی و ئابوری وسەربازیەکانداو هیچیش دەربارەی ئەو دامەزراوانە نازانین".

[1] سایتی سبەی، 30.8.2008.

ئەمە دوور لەهەلە سیاسیەکانی دەسەلاتی سیاسی کورد خۆی بەلام راستی تیدایە، بەلام بۆچی دەسەلاتی کوردی لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعە هەتا ئیستە هەنگاوی عەمەلی نەناوە بۆ ئەم ستراتیژە؟ بۆ بارودۆخی ئەم قۆناغەی ئیستەی کورد لەعیراقدا دیموکراسیەت و ریکەوتنی تەوافوقی یەکیکە لەچارەسەرەکان بۆ پاراستنی هەندی لەم ئاسایشە چونکە کورد بەدەنگی زۆرینەو کەمینە سەرکەوتو نابیت لەم هاوکیشەیەدا، هەرچەندە ئەم تەوافوقیەش بیٚ کیشە نەبوەو بابەتیکی دەستووری نیە. لیرەدا دەبینین رەگی مێژویی ناکۆکی وجیاوازیەکان زۆرو قولن لەعێراقداو ئەمە واقعی عیراق و هەرێمی کوردستانە کە هیشتا یەکیکە لەبەربەستەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە دەولەتی عیراقی دەستکردودا، بەلام لەگەل هەموو ئەم دیاردانەشدا هیچ سیستەمیك و هیچ پیکهاتەیەکی کۆمەلایەتی نیە نەگۆر نەبیت.

## ئاسایشی حیزبی و ئاسایشی نەتەوەیی

هەتا ئەوکاتەی کورد لە قۆناغی خەباتی شاخ بوو هەموو سیاسەت کردنیکی تەنیا بەریگای حیزبەوە بووە چونکە خاوەنی کیانیکی سیاسی سەربەخۆی خۆی نەبوە وەك ئەوەی ئەمرۆی ئیدارەی هەرێم. ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەعیراقدا دەچوە ئەستۆی حکومەتی ناوەندەوە کە حکومەتی بەعس بوو. پاراستنی ئەم ئاسایشەش لەروانگەی بەعسەوە چۆن بوو بینیمان.

حکومەتیك بەکیمیایی هاولاتی ناو دەولەتەکەی خۆی بخنکینیت وجینۆسایدی بکات لەبری پاراستنی ودابین کردنی ئاسایش بۆی لەهەمان کاتیشدا ئەندامی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت ویاساکانی مافەکانی مرۆڤی لەم ریکخراوەدا ئیمزا کردبێت.

لەدوای راپەرینەوە بۆ یەکەمجار کورد لەم هەرێمەدا بوە خاوەنی شیوەیەك لەکیانی سیاسی بەلام بەهۆی کۆمەلیك فاکتەرەوە مرۆڤ نەدەکرا وەك پێویست لەم قۆناغەدا باسی لەپرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەریمی کوردستان بکردایە. بەلام گرنگترین قۆناغ ئەوەی دوای 2003 بوو، دوای روخانی رژێمی بەعس. ئەگەر هەتا ئێستە لەهەرێمی کوردستان ئاسایشی نەتەوەیی بریتی بوبیت لەئاسایشی حیزب ئەوا دەبێت ئیستە ئاسایشی حیزب وئاسایشی نەتەوە بەشیوەیەکی موئەسەساتی لەیەکتر جودا بکرینەوەو دوور کەوتنەوە لەفکری تیکەل کردنی ئاسایشی حیزب وئاسایشی نەتەوە بەیەکتر، ئاسایشی نەتەوە ئاسایشی حیزبیش لەخۆدەگریت. ئەنجامەکەی زیان بەخش دەبیت ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ پاراستنی ئاسایشی حیزب و دەسەلاتی تاك بەكار بهێنیرێت. ئەگەر كار لەسەر پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی كوردستان بكەین ئەوا یەكێك لەریگرە خراپەكان كەدێتە بەردەممان بریتیە لەبوونی دوو دەزگای ئاسایش كە هەردوكیان دەزگای حیزبین ولەژێر كۆنترۆلی حیزبدان. هەربەم شیوەیە بوونی دوو دەزگای هەوالگری سەر بە دوو حیزبی جیاواز كە بریتین لە دەزگای پاراستن سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان و دەزگای زانیاری –سەر بە یەكێتی نیشتمانی كوردستان تەنانەت ئەگەر ئەمانە بەروكەشیش بەفەرمی بكرین هیچ لەم واقعە ناگۆریت. هەروەها بوونی دەزگایەكی تری سەر بە یەكیتی نیشتمانی كە بریتیە لەدەزگای دژە تیرۆر كە ئەندامیكی بنەمالە سەرپەرشتی دەكات. هەر بەم شیوەیە هەبوونی دوو وەزارەتی ناوخۆو دوو وەزارەتی پیشمەرگەی حیزبی و دوو وەزارەتی دارایی. ئەمانە هەمووی لەژیر كۆنترۆلی دوو حیزب و دوو سەرۆكی حیزب دا كە هەردوكیان بەناوی یەك پەرلەمان و یەك حكومەتەوە دەدوێن. پرۆژەیەكی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێمی كوردستان لەژیر ئەم شیوازی سیستەمی كاركردنەدا سەركەوتو نابێت. ناكرێت دوو دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی هەبیت بۆ یەك نەتەوە كە یەك سەرۆكی هەرێمی هەیە، یەك پەرلەمان و یەك حكومەت. ئەم دیاردەیە بۆشایی دروست دەكات لەنیوان كۆمەل وئاسایشە نەتەوەییەكەیدا، دەزگایەكی ئاسایش كە متمانەی خەلكی بباتەوە. ئایا هاولاتی زانیاری بە كام دەزگا بدات سەبارەت بە ئاسایشی كۆمەل، كێ هاولاتیەك دەپاریزیت ئەگەر لە پیناوی ئاسایشی نەتەوەكەیدا هاوكاری دەزگای هەوالگری یان ئاسایشە نەتەوەییەكە بكات بۆ نمونە بەرامبەر بەهەرەشەی تیرۆر. بێ ئەم هەنگاوە باس كردن لە سیستەمیكی ئاسایشی نەتەوەیی هەریمی كوردستان كارێكی گرانە.

## گەران بە شوێن كەسە پسپۆرەكاندا

گەران بەشوین كەسە پسپۆرەكاندا لەلایەن دەسەلاتی سیاسی بۆ دەولەمەند كردنی پرۆژەكە لەناو پسپۆرانی زانكۆو سەنتەرە زانستیەكاندا، لە ناو سیاسیەكانداو لەسەر بنەمای لێهاتویی و پسپۆری و پاتریۆتیزم. پسپۆرەكانی بواری ئاسایش و ئابوری و زانستی سیاسی وجیۆپۆلەتیك و سەربازی بەلام بێ ئەوەی بكریتە بارەگای سەربازی وموخابەراتی ودەزگای پاراستنی حیزب و بەرژەوەندیەكانی دەسەلاتدارانی تاك بەلكو موئەسەسەیەكی حكومی ودەستوری بیت بەلام حكومەت و دەستوریكی تەندروست، بەلام بە پرۆژەو بۆچون و ئەزمونە سیاسیەكانی حیزب دەولەمەند بكرین. ئەنجامنەدانی ئەم ستراتیژەو هەتا ئیستە دانەمەزراندنی هیچ ئینستویەكی

تویژینەوەی زانستی سەبارەت بە بەعس و فاشیزم و تۆتالیتاریزم، ئەمە تەنیا وەك یەكیك لەنمونەكان راستی نەبوونی نیەتی باشی دەسەلات لە هەریم نیشان ئەدات بۆ ئامانجی پرۆژەو ئەجومەنیكی تەندروستی نیشتمانی و نەتەوەیی.

## ئاسایشی کورد لەسایەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

رێکخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بەو بەلگەیە نەیتوانی ببیتە لایەنیكی راستەوخۆ بۆ كورد لەكاتی بەكارهینانی چەكی كیمیاوی رژیمی عیراقی بەعس لەهەلەبجە چونكە بەپیی یاسای نیودەولەتی بەكیشەیەكی نێوخۆی دەولەتی عیراق دانرا، بەواتا لەبەرئەوەی كورد دەولەتی خۆی نیەو كورسی نیە لەریكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكاندا كرایە كیشەیەكی ناوخۆی عیراق. بۆ ئەم مەبەستە، بۆ دانوستان دەربارەی تێماو روداوەكە دەبوایە حكومەتیك بەرەسمی داواكاریەكی پیشكەش بەرێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بكردایە، داواكاریەك كەهیچ لایەنیك نەیكردو رژیمی بەعسیش بێ سزا لێی دەرچوو. داخۆ حەزی كورد بۆ بوونی دەولەتیكی سەربەخۆو ئاسایشێكی سەربەخۆ لەسەر بنەمایەكی ئەم واقعە تالە نیە؟

## فیدرالیزم بۆ قۆناغیك خالی ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیری دەبێت لەعیراق دا

فیدرالیزم وەك سیستەمیكی سیاسی بەرهەمی ئەلیتەیەكی سیاسیە لەعێراق نەك بەرهەمی گەلانی ولاتەكە. هەربۆیە دەسەلاتی سیاسی لەعیراق و لەهەریمی كوردستان بەرپرسە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی. فیدرالیزم بۆ ئەم قۆناغە یەكیك دەبیت لەخالەكانی هیز بۆ سەقامگیری عیراق. سەقامگیری و دیموكراسیەتیش دوو مەرجی گرنگی فیدرالیزمن كە دوبارە بە هاوكیشەی دروستبونی ئاسایش دەگەریتەوە. لەهەندی لەدەولەتەكانی تری خاوەن سیستەمی فیدرالیزم كەئاسایش وئارامی تیدایە پەیوەندی نیوان گەلانی نێو هەریمەكان بێ حەساسیەتە. ئەوەی پەیوەندی بەبارودۆخی عیراقەوە هەبیت گرنگە كەخەلكی هەریمەكان لیرەدا پۆستەكان لەلایەن دەسەلاتی سیاسی لەهەریمەكەیدا خۆی بگرێتە دەست چونكە لەرووی كۆمەلایەتی و كەلتوریەوە نزیكن لەهاولاتیانەوەو خەلكی ولاتەكەن وبروای ناوچەكەیان كەم تا زۆر هەیەو بەم هۆیەوە قورساییەكی تریان دەبێت لەناو دانیشتواندا ئەمەو پاراستنی بواری ئاسایش و پەروەردە... روبەروی هەریمەكان دەبنەوە، ئەم واقعە بۆ عیراق وپێكەوە كاركردن لەنێوان هەریمەكان (ئەگەر لەعێراقدا دروست بوون) دەكری ببیتە دروستبونی ئاشتی

و ئارامی و ئاسایشی نیشتمانی. بوونی ئاسایش لەهەریمەکان دەبیتە بنەمایەکی گرنگ بۆ ئاسایشی سەرجەم. ئاسایش لەهەرێمی کوردستان ئەمرۆکە بەسوود دەگەریتەوە بۆ ناوەندیش هەروەك چۆن هەموو ئەم سالانە ناوەراست وخواروی عیراق سودیان لەهەریمی کوردستان وەرگرتوە لە کات و دوای روخانی بەعس. هەربۆیە هەولی تیکدانی هەریمی کوردستان لەلایەن ناوەندەوە بەواتا هەولی دروست کردنەوەی سیستەمێکی ناوەند دوبارە دەبیتە ئەو ئەزمونەی کە میژووی سیاسی عیراق تییدا فەشەلی هیناو ئەمەش لەخزمەتی ئاسایشی عیراقدا نابێت. سەبارەت بە عیراقیکی فیدرال هیزە عەرەبیەکان، زۆربەیان ئیسلامیەکان یان عەرەبە قەومیەکان دژن. تەنانەت مەشهەدانی وەك سەرۆکی پیشووی پەرلەمانی عیراق فیدرالیەتی بە پلانی سایۆنیزم دادەنا. (دیداریکی مەشهەدانی لەگەل هەفتەنامەی ئاوینەدا لەبەرواری 22.8.2009).

ئەگەر فیدرالیزم وەك مۆدیلیکی سیاسی بۆ ئاسایش و سەقامگیری عیراق سەرکەوتو نەبوو ئەوا ئالتەرناتیڤەکەی تر کە دەکری ببیتە هۆی دروستبونی ئاسایشیکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەوە دەبێت عێراق لەیەکتر دەترازێت وهەلدەوەشێتەوەو لەئەنجامی ئەمەش باشوری کوردستان ببێتە دەولەتێکی سەربەخۆ بەلام دەولەتێکی کوردی فیدرالی فرە هەرێم بەلام وەك دوو دەولەتی کۆنفیدرالی کوردستان و دەولەتی عێراق و بەبەستنی چەندین بواری جۆراوجۆری بەرگری و کەلتوری و بازرگانی... و دەکریٚ بەم رێگایە کێشەکانی نێوان کورد و عەرەب و عەرەب خۆیشی سەبارەت بە دۆزی کورد چارەسەر بکات.

## بەم بیرکردنەوە مەزهەبی وسیاسیەی ئیستەی، عیراق نابیتە خاوەنی ئاسایشێکی نەتەوەیی ونیشتمانی

بۆ ئەم قۆناغەی ئیستەو ئایندەی نزیك گەرەنتیەك نیە بۆ ئەوەی کە پیکهاتەکانی عیراق لەم سروشتەیدا، لە رووی ئەوەی کەعیراق دەولەتیکی دەستکردەو نەتەوەیی نیەو بەم بیرکردنەوە مەزهەبی و سیاسیەی ئیستەی نەتوانیت ببێتە خاوەنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانی عیراقی بەسەرجەم پیکهاتەکانیەوە. پرۆژە ئەمنیەکەی راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عیراق موفق ربیعی پەیامیکی باشە بۆ تیگەیشتن لەم راستیە.ئایا گرنگی ئەوە لەچیدابوو دەسەلاتدارانیکی کورد کار بۆ دروستکردنەوەی عیراقیکی نوێی دوای بەعس بکات؟ بواری ئاسایشی نەتەوەیی کوردی کە هەتا ئیستە دەسەلاتی سیاسی کورد وەك پرۆژە کاری بۆ

نـەکردوە لەبـەر هـەر هۆیـەك بیـت ئەمـە هـەتا ئیسـتە بابـەت نـەبوە، بـەلام چـیتر پیویسـتە دەسەلاتی سیاسی کوردی لەهەریم پرۆژەیەکی ئاوها گرنگ بخاتە بەرنامەی خۆیەوەو کەسـانی پسپۆرو دلسۆز کاری تیدا بکەن. پیویستە کورد خۆی بەرنامەریـژی بـۆ بکـات، پرۆژەیـەك کـە لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت بنیـات بنـرێ، بـەلام هاوتـەریب بەمـەش لیسـتی کـوردیش لەپەرلەمانی عیراق چالاك بێت بۆ ئەگەری پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشـی نەتـەوەیی عـیراق ئـەو کاتـەی بخریتـە بـەردەم پەرلـەمانی ناوەنـد بـۆ دەنگـدان لەسـەری وقسـەی هـەبێت لەسـەر پرۆژەکەی، لیرەدا دەردەکەویت کەبابەتەکە بەشیوازی جودا لای لایەنە جیاوازەکـان پیناسـەو لێکدانەوەی بۆ دەکریت. ئەمـە دەبیـت ببیتـە ئـەرك و کـاری هیـزە ئۆپۆزیسـیۆنەکانیش. لـەم بەشـەی خـوارەوەدا بروانـە چـەند سـەرنجیك دەربـارەی پرۆژەکـەی راویـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیی عیراق.

## پرۆژەکەی د.موفق ربیعی راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عیراق

د.موفق ربیعی راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عیراق لەگەل ستافیکی خۆیدا لەنامیلکەیەکی 57 لاپەرەدا پرۆژەیەکی دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی لەعیراق ئامادە کردبوو کـە بـۆ چـوار سـال دانرابـو لـەمانگی 2007/7 هـەتا کۆتـایی سـالی 2010، دواتـر مـالیکی هەلیوەشـاندەوە. بـەلام پرۆژەکە گشتیە، بەبێ رەچاوکردنی بارودۆخی واقعی عیراق (کەرکوك و مادەی 140 بۆ نمونـە، سەنترالیزم و شیوازی فیدرالیزم لەعیراقدا). هەر یەکیك لەدەزگا عیراقیەکان بابەتیکی بـۆ ئـەم پرۆژەیە نوسیوەو کۆکراوەتەوە لەبەرگی تیمای ئاسایشی نەتەوەیی دا. ئەگـەر مـرۆڤ بروانیتـە وینەی ستافەکە دەبینریت هەمووی عەرەبن هەروەك ئاسایشی نەتـەوەیی عـیراق تـەنیا بـریتی بیت لەئاسایشی نەتەوەیی عەرەب وهیچی تـر. بـەم شـیوەیە نـاوەرۆکی سـتراتیژەکە چـەندین خال لەخۆ دەگریت کـەدەتوانریت لـەدژی داخوازیـەکانی کـورد بـەکاربهینریت. نـاوەرۆکی ئـەم جۆرە ستراتیژە بەمەترسیدار دەبینم و پیویستە کورد بەپەیامیکی گـرنگ وەری بگریـت و ئـەو پرسـیارە لـەخۆی بکـات کەسـتراتیژیەتی ئاسایشـی نەتـەوەیی عـیراق تـا چـەند لەگـەل داخوازیەکانی گەلی کورددا یەك دەگریتەوە. لەبەر رۆشـنایی ئـەم سـتراتیژەدا کـورد ناتوانیـت بەرژەوەندیەکانی خـۆی تیّـدا بپاریزێت. پرۆژەکـەی موفـق ربیعـی نـاوی ئاسایشـی نەتـەوەیی عیراقی لێ نراوە، ئەمە هەلەیە چونکە عیراق فرە نەتەوەو فرە مەزهەبەو ئەم نەتەوانـەو کەمـە نەتەوەکان و کەمایەتیەکان تایبەتمەندی هەمەلایەنەی خۆیـان هەیـە کـە دەبیـت جیاوازیـەکان لەدەستوردا دەستنیشان بکرین لە پرۆژەیەکی ئاوهادا. هەربۆیە باشتر وابـوو نـاوی سـتراتیژی

(ئاسایشی نیشتمانیی عیراقی) لێ بنرایە، نەك (الاستراتیجیە الامن القومی العراقـی). لەعیراقـدا زۆرینـە عەرەبـەو لەپەرلەمانـدا بـەدەنگی زۆرینـە کـورد دەدۆرێـت، هەربۆیـە لەچوارچـیوەی پرۆژەکـەدا دەبوایـە زۆر فاکتـەری ئاسـایش هـەن بـاس بکرانایـە بـۆ نمونـە دیموکراسـیەتی تەوافوقی کە فاکتـەری راگـرتنی ئاسایشـە بـۆ پیکهاتـەی عـیراق. پیچـەوانەکەی دەبیتـە هـۆی تیکدانی ئاسایشی نەتـەوەیی و نیشـتمانی لەعیراقـدا. بـێ چارەسـەری کیشـەی کـورد هـەرگیز دەولەتی عیراق سەقامگیری و ئاسایشی بەخۆیەوە نەبینیوە. پرۆژەیـەك کـە دەبیـت رەچـاوی ژیرخانی ئابوری وسامانە سروشتیەکانیش بکات بەشیوەیەکی دادپەروەرانە. لەگـەل ئەوەشـدا کە ماوەیەکی بەرچـاو بەسـەر بلاوکردنـەوەی ئـەم سـتراتیژەدا رۆیشـت سـەرۆکایەتی هـەریمی کوردستان و پەرلەمان وحکومـەتی هـەریمی کوردسـتان وهـیچ کامێـك لەکاربەدەسـتانی بـالای کورد گفتوگۆیان لەسەر ئەو مەسەلە هەستیارە نەکردو هەلویستیکی ئاشـکرایان نـەبوو. کـورد ناتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم پرۆژە ئاسایشـی نەتەوەییـەی ربیعـی دا بپارێزێـت، بۆیـە پیویستە خۆی پـرۆژەو ئەنجومـەنیکی سـتراتیژی ئاسـایش بـۆ کۆمـەل و ولات بۆخـۆی گەلالـە بکات ولەلایەن پەرلەمان وحکومەتیکی تەندروستەوە کاری پێبکرێت. دەبیـت گەیشـتبینە ئـەو بـاوەرەی کـە حکومــەتی مەرکـەزی نـەك توانـای پاراسـتنی ئاسایشـی نەتـەوەیی هـەریمی کوردستانی نیە بەلکو وەك دەبینین توانای پاراستنی تەواوی بەشەکانی تری عیراقیشی نیە.

## بۆ دارشتنی سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی سوود وەرگرتن لەئەزمونەکان

بۆ دارشتنی سیستەمیکی باشـی ئاسایشـی نەتـەوەیی گرنگـە سـوود لـە قـەیران و سیاسـەت و ئەنجامەکانی 35 سالی فەرمانرەوایی رژیمی بەعس وەربگیرێت لەسەر سەرجەم ئاستە سیاسـی و ئـابوری و کۆمەلایەتیـەکان، هـەروەها ئـەو چـەند سـالانەی عیراقـی دوای بـەعس. پیویسـتە دەسـەلاتی سیاسـی بـەریگای کەسـە پـر ئـەزمون وپسـپۆرەکانەوە بایـەخ بـەم بـوارە بـدات. روداوەکانی وەك شەرەکانی ناوخۆ بـوە هـۆی تێکـدانی ئاسایشـی هـەرێمی کوردسـتان لەسـەر ئاستی سیاسی و ئـابوری وکۆمەلایـەتی و بگـرە بـۆ سـەر بـواری پـەروەردەو زانسـتیش. جگـە لەهەموو ئەمانەش کیشەی ئیرهاب لەعیراقدا کیشەیەکی گرنگ و گەورەیە کە بێ ئەنجام نەبوە بۆ سەر ئاسایشی عیراق. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئاسایشی نەتەوەیی لـە ولاتیکـدا بەرقـەرار نیە. پیسبوونی ژینگە، نەخۆشی بەربلاو[2]، تیرۆر، فەسادی ئیداری وئابوری، بیکاری و هەژاری

[2] پیسبوونی ژینگـەو کـەمی دارودرەخـت، دەرمـانی بەسەرچـوو، خـواردنی پیسـی بایـەعی، بـەکار هینـانی مـەوادی کیمیـایی بـۆ کشـتوکال، هـەموو ئەمانـە لـەپال بـارودۆخی خراپـی دەروونـی بـەهۆی کیشـە

کە کیشەی کۆمەلایەتی وسایکۆلۆژی لیٚ دەکەویٚتەوەو کاریگەری خۆی جیدەهیلیت. بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمان ودەستور دەبیت سەرقالی کۆنترۆل کردنی دامودەزگاکانی ولات بن و یاسای گونجاوی لیبەرال و ریالیستانەی بۆ دەربکریت و لەگەل مافی مرۆڤیشدا بگونجین. ئاسایش چیە، دەبیت پەرلەمان بەتەواوی دەستنیشانی خالەکانی بکات. تیکچوونی ئاسایش وا لە وەبەرهینەکان دەکات کە وەبەرهینان نەکەن لەو ناوچەیەدا، پارەکانیان بەرنە دەرەوەو پرۆژە لەشوینی تر دروستبکەن. یەکێك لە ئامانجەکانی لەشکرکیشیەکانی تورك بۆ سەر هەریم مەبەستی زۆری هەبوە، یەکیك لەمانە بۆ تیکدانی ئاسایش وبەرقەرارنەبوونی ئاسایشە لەهەرێمدا کە ئەنجامەکانی هەمە لایەنەن. بەهۆی زامن نەکردنی ئاسایش و ئارامی زۆریك لە وەبەرهینەکان لەوانەیە پارە لەهەریم نەخەنە کارەوەو سەرمایەکانیان بگویزنەوە بۆ شوینی تر. ئەمانە هەمووی لەو ئەزمونانەن کە رەچاوکردنیان پیویستە.

## تەوەری سێیەم

## ئاسایشی نیودەولەتی

لەسەردەمی جەنگی ساردداو کێبرکێی چەکی ئەتۆمی نەك بەتەنیا هەردوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا بەلکو ئاسایشی جیهان هەمووی لەمەترسیدا بوو. ئاسایشی مرۆڤەکانی جیهان لەبەردەم جەنگی ئەتۆمیداو هەرەشەی داگیرکردنی ولاتان وبەرپاکردنی جەنگ وتیرۆرو قەیرانی ئابوری وژینگەو ئەنجامەکانی لەسەر ئاستی نیودەولەتی، هەموو ئەمانە پەیوەندی بەبواری ئاسایشی نیودەولەتیشەوە هەیەو چارەسەرکردن وتەشەنە نەکردنی ئەرکی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بووە بەپێی یاسا نوسراوەکانی وهەروەها دەولەتە ئەندامەکان تێیدا.

بۆ پشتگیری لەبۆچونەکەم لیرەدا ئاماژەیەکی کورت بەباری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و قەیرانی ژینگە وئەنجامەکانی بۆ سەر ئاسایشی نیودەولەتی ئەدەم. وینەی ژمارە (1) باری گەشەکردنی دانیشتوانی زەوی نیشان ئەدات: لەسالی (سفر) ژمارەی دانیشتوان بەپیی

---

کۆمەلایەتیەکان وهەژاریەوە بۆتە هۆی بلاو بونەوەی نەخۆشی جەلتەو ژیرپەنجە کەبەپیی ئامارەکان 45٪ بە جەلتە دەمرن و 18٪ بە نەخۆشی ژیر پەنجەو ئەم دیاردە خەتەرناکە لەپەرەسەندندایە. هەموو ئەمانە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بەرهەمە فکری و مادیە جۆراوجۆرەکانی تاکەکانی کۆمەلگە کە لە ئاکامدا بی ئەنجام نابیت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

پسپۆرانی ئەم بوارە نزیکەی 250 ملیۆن کەس بوە. لەسالی 1650 گەشەی کردوە بۆ 500 ملیۆن مرۆڤ. 200 سال دواتر بەواتا لەسالی 1850 بۆتە یەك ملیارد. لە سالی 1985 بریتی بوە لە 5 (پینج) ملیارد کەس[3].





وینەی ژمارە 1

[3] ) مۆزەخانەی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن، 2010.



وینەی ژمارە 2*

لە وینەی ژمارە 2 لەپال ژمارەی سالەکانی گەشەکردنی دانیشتوان کەئاماژەم پیداوە بەپیی ئەو ژمارەیە لەهەمان کاتدا باری گەشەکردنی ژینگەش نیشان ئەدات. لەو 1985 سالەدا ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی کە نزیکەی 5 (پێنج) ملیارد زیادی کردوە لەوینەکەدا دەبینین کە شیوازی گەشە کردنی ئامرازی بەرهەمهینان و تەکنەلۆژیاش گەشەی کردوەو گۆراوە. لەسالی سفر لەکێلانی زەوی بەئامرازی سەرەتایی دواتر گەشتۆتە دۆزینەوەی کارەبا، بەواتا وزە. هەر لەوینەی (2) دا گۆران لە سروشتیشدا بەدی دەکریت لە کەمبونەوەی سەوزایی ودارودرەخت و پیس بوونی ژینگەش لەگەلیدا. تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان ولاتانی "جیهانی سێ" ی گرتۆتەوەو بێهۆ نیە. جگە لە فاکتەری ئاین کە مندال دیاری خودایە وئاین ریگا لەمەنعی مندال نەبوون دەگریت، بەلام هۆ سەرەکیەکان هۆی ئابورین بەوەی کە خەلکیی، کەخیزان زەمانی کۆمەلایەتی دوارۆژیان نیە، بەم هۆیەوە مندال زۆربوون سەرچاوەی کاروکاسپیە، بەتایبەت کوڕ کە بەزەمانی دوارۆژی خیزان دەبینرێت و سەرۆکایەتی مالیش بگریتە ئەستۆ. لیرەدا ئاسایشی دانیشتوان و ئاسایشی خۆراک و ژینگەش دەبنە بەشیك لەئاسایشی نەتەوەیی.




**خشتەی ژمارە 1 (یەك)**

سەرچاوە: گۆڤاری شپیگل، ژمارە 31، 2009

بەپێی ئەو خشتەیەی ژمارە (1) لیکۆلینەوەیەکی تری زانستی ژمارەی دانیشتوان لەسالی 1950، 2.5 ملیارد مرۆڤ بوە کە هەر مرۆڤیك 5600 مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. لەسالی 2000 ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە 6.1 میارد وهەر مرۆڤێك 2300 مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. بەپیی ئامارەکان لەسالی 2050 ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەگاتە 9,1 ملیارد مرۆڤ، هەر مرۆڤیك 1500 مەتردوجا زەوی بەردەکەویت. بەواتا لەچل سالی تردا زەوی دەبیت نزیکەی 3 ملیارد کەس زیاتر بگرێتە خۆی وەك لەوەی ئەمرۆ هەیە. لە 20 سالی ئاینده پیویستی خواردن بۆ جیهان بەریژەی 50٪ بەرز دەبێتەوە[4]. لەولاتیکی وەك چین کەدانیشتوانەکەی زیاتر لە یەك ملیارد مرۆڤە دەبیت ¾ ی دانیشتوانەکەی لەسەر ¼ ی روبەری چین بژی چونکە تەنیا ئەم ناوچەیە گونجاوە بۆ کشتوکال و کێلاندن و بەکشتوکال کردنی زەوی. بەبارین نەبارینیکی دوو سالە دەکرێ برسیەتی لەم دەولەتە گەورەیەدا روو بدات. هەموو ئەمانە بۆ ئاسایشی نیوخۆو نیودەولەتیش قەیران دروست دەکات و بێئەنجام نابێت.

زەوی کشتوکال بەتایبەت لەئەورویاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەکەمبونەوەدایەو هەروەها نرخیشی گرانترە. لەبەر ئەوە ولاتە دەولەمەندەکان لە ولاتە هەژارەکان زەویەکی زۆر بەنرخی هەرزان دەکرن وخواردنی لەسەر بەرهەم دەهینن ودەینێرنەوە ولاتەکانی خۆیان ئەمە لەکاتیکدا کە ئەو ولاتە هەژارانە خۆیان بەدەست هەژاری وکەم خواردنیەوە دەنالینن. حکومەتی سۆدان بۆ ماوەی 99 سال، ملیۆن و نیویك دۆنم لەباشترین زەوی کشتوکالی

[4] )Der Spiegel, 31.12.2009, p. 86.

فرۆشتوە بەدەولەتەکانی کەنداو بەلام ئەوەی ناکۆکە بەخۆی لیرەدا ئەوەیە سۆدان گەورەترین وەرگری یارمەتی دەرەکیە. ژیانی 5.6 ملیۆن مرۆڤ بەندە بەیارمەتی خۆراکی دەرەکیەوە[5]. لەولاتە هەژارەکان وەك هند و بەنگلادیش دیاردەی کۆچ و ڕەو هەیە لەگوندەوە بۆ شار. دیاردەیەك کە بێئەنجام نیە بۆ سەر ژیانی خەلکی ولات. هەموو ئەمانە کاریگەریی خراپی خۆی هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراك. هەموو ئەمانە رونکردنەوەو ئەزمونن بۆ هەریمی کوردستانیش. بەش کاریگەری هەیە لەسەر سەرجەم. هەموو ئەمانە پیویستی بەبەرنامەریژی ودامودەزگا هەیە لەهەریمی کوردستانیش کە بەر لەهەموو شت کاروئەرکی دەسەلاتی سیاسیە.

## تیکدانی ئاسایشی نیودەولەتی بەهۆی چەوت رەفتارکردنی مرۆڤەوە

له 200 سالی ئەم دواییەی میژوودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن سالەی پیشووی خۆی ویرانکردوە کەلەسەری ژیاوە وجەنگیکی بێبەزەیی بەرامبەری هەلگیرساندوە. مرۆڤایەتی بەجۆریك لەگەل زەوی وژینگە رەفتار دەکات هەروەك ئەم دوا نەوەی ئەم سەر زەویە بێت. سەرجەم میژووی مرۆڤایەتی شەرو تیکۆشان بوە لەپیناوی ژیان ومانەوەی لەسەر ژیان. چارلس داروین لیکۆلینەوە زانستیەکەی (خەبات لەپیناوی مانەوە) وەك بوونی پرەنسیپیکی سروشت دۆزیەوەو ئەنجامدا. مرۆڤیش بەقەناعەتی من لەم پرەنسیپە بەدەر نیە. مرۆڤ هەمیشە لەبارودۆخی جەنگدا بوە. پیشەکی جەنگیك بوە دژ بەمەترسیە سروشتیەکانی بیئە وەك دوژمنیك بەرامبەر مرۆڤ، بەلام جەنگیك بوە لەهەلویستی لاوازیەوە بۆ مانەوەی خۆی. بەلام دواتر بۆتە جەنگی مرۆڤ دژ بەیەکتر لەپیناوی زەوی وکەرەسەی خاودا. لەئەنجامی شۆرشی پیشەسازی بەتایبەت لە سالی 1945 وە جەنگیکی سەرانسەریی مرۆڤ هەیە دژ بەروتاندنەوەی زەوی و ژینگە. ئەم شتە هەناسەیەکی دا بەمرۆڤ، بەلام هەناسەیەکی گەورەی لەزەوی دایك بری. ئەمەیان بیدەنگترین جەنگە مرۆڤ دژ بە ژینگە ئەنجامی ئەدات، چونکە دژەکە (ژینگە) نە دەتوانیت بەدەنگی بەرز هاوار بکات، و نە بەرگری راستەوخۆ لەخۆی بکات، و نەدەتوانێت پاریزەر بۆخۆی داوا بکات بەلام کاردانەوەکانی دواتری زۆر لەسەر مرۆڤایەتی دەکەویت. لەبەر ئەوە ئەمە بەخەتەرناکترین جەنگ دەبینم چونکە کەزەوی و ژینگە ویران بوو بەواتا بنچینەو سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ خۆیشی ویران بوو. ئەمە مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی نیودەولەتی کە ئاسایشی نەتەوەیی هەمووان دەگریتەوە. لەبەرازیل

---

[5]) گۆڤاری شپیگلی ئەلمانی، ژمارە 31، 2009، ل.87.

لەناوچەی زۆر بەرفراوان سۆیا دەروینریت وترانسفێر دەکریت بۆ رۆژئاوای ئەوروپا و وەك عەلەف حەیوان بەکار دەهینریت ئەمە لەکاتیکدا بەملیۆن مرۆڤ لەم ولاتەدا دوچاری برسیەتی بوونەتەوە.

# تەوەری چوارەم

## ئاسایشی نەتەوەیی، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەنمونە

لەدیدی دەسەلاتی سیاسی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دروست کردنی چەکی ئەتۆم لەلایەن ئیرانەوە هەرەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیودەولەتی بە ئەمریکاو رۆژئاوا بەگشتی. لەلایەکەوە لە دیدی رۆژئاواوە ئەم چەکە لەدەستی لایەنیکی ئەمیندا نیەو لەلایەکی ترەوە بەهەرەشە دادەنریت بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل وەك هاوپەیمانیکی ستراتیژی ئەمریکا، هەروەها لە لایەن دەسەلاتی ئیرانیەوە وەك کارت و چەکیکی سیاسی بۆ سیاسەتی بەرفراوانکردنی دەسەلات.

دوەم گەورەترین بۆری نەوت لەجیهاندا بەدریژایی 1800 کم رۆژانە زیاتر لە ملیۆنیك و سێ سەد هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە ئازەربایجانەوە بە جۆرجیادا دەباتە تورکیا. ئەم بۆری نەوتە بەدەستپیشخەری ئەمریکا دژ بەویستی روسیا دروست کرا. لەوە دەچیت ئەم کیشەیە لەناکۆکیەکانی ناوچەی قەفقاس دا ئامانجە ستراتیجیەکە بیت و گوزارشت لە سیاسەتی نویی داگیرکردن بکات بۆ روسیای ئەمرۆ. ئەمەش (نەوت و ئابوری) دەچیتە بواری ئاسایشی رۆژئاواو ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەمریکا لەهیرشی دژی تالیبان وقاعیدە، هەروەها لە داگیرکردنی عیراقدا گەرایەوە بۆ بەلگەی مافی بەرگری کردن لەخۆو لەپیناوی ئاسایشی نەتەوەیی دا و دەکرێ ئەم سیاسەتە بە یاساکردنی بکرێت.

بەلام بۆ ئەمریکا ئاسایشی نەتەوەیی بەتەنیا قاعیدەو ئیرهاب نیە بەلکو ئابوری وسیاسەتی دەرەوەشە. ئەمەیان نەگۆرە و پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە ئیتر هەر لایەنیکی سیاسی لەسەر دەسەلات بیت. نیکاراگوا ولاتیکی هەژارە بەلام کاتیك ساندینستەکان بەشۆرش هاتنە سەر حوکم و رژیمی سۆمۆزایان روخاند، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەمەترسی لەقەلەمیدا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی چونکە دەکرا ئەم شۆرش وئایدیایە لەپال ئەوانەی سەلفادۆرو کوبا تەشەنە بسینیت لەناوچەی ناوەراست و خواروی ئەمریکاو ناوچەی

كـاريبی و كاريگـەری لەسـەر بەرژەوەنديـەكانی ئـەمريكا هـەبيت لـەرووی ئـابوری و سياسـی و هاتوچـۆی بازرگـانی و گواسـتنەوەی چـەك و نـەوت و لەدەسـتدانی كاريگـەريی لەسـەر ئـەو دەولەتانە كـە لـەپال فاكتـەرەكانی تـردا سەرچـاوەی كەرەسـەی خـاوی گـرنگن بـۆ مەبەسـتی سەربازی و تەقەمەنی، ئەمە بيگۆمان لە ديدی ويلايەتە يەكگرتوەكانی ئەمريكا.

بەرزبوونەوەی نرخی نـەوت كاريگـەری لەسـەر بـازاری ئـەوروپاش هەيـە كەريژەيـەكی بەرچـاو لەكالای ئەمريكا ليرەش ساغ دەبيتـەوە. هەربۆيـە لـە جـەنگی دوەمـی كەنداويشـدا پاراسـتنی ئەوروپاش كرايە ئامانج ونەهيلـدرا عـيراق دەولـەتی كويـت بـۆ هەميشـە داگـير بكـات و مامەلـە بەنرخی نەوت و پاشەكەوتی نەوت بكات لەبازارەكانی جيهاندا. ناردنی نەوت بۆ يابـان نزيكـەی 70٪ ی بە گەروی هۆرموزدا دەروات. ئيران لەجەنگی يەكـەمی كەنـداودا هەرەشـەی داخسـتنی ئەو گەروەی دەكرد بۆ ئـەوەی كيشـەكە بكاتـە كيشـەيەكی نيودەولـەتی چـونكە ئـيران باشـی دەزانی كە ئەمە پەيوەندی بەئاسايشی نەتەوەيی بۆ سەر ويلايەتە يـەكگرتوەكانی ئـەمريكاش هەيە چونكە 25٪ ی كالای ئەمريكاش لەيابان ساغ دەبيتەوە.

ليوا فـەيروز ئابـادی سـەرۆكی ئـەركانی گشتيی سوپای ئێران ڕايگەياند: ئەگـەر بەرژەوەندی وڵاتەكـــــــەمان بكەوێتـــــــە مەترســــــــييەوە، گـــــــەرووی هـــــــورمز دادەخـــــــەين. ئاژانسـی هـەواڵی فـارس نيـوز لـەزاری ليـوا ئابـادی بڵاويكـردەوە "كۆمـاری ئيسـلامی ئێـران خوازيار گەرووەكە لەبەرژەوەندی هەمووانـدا كراوەبێت، بەڵام ئەگـەر بەرژەوەنديمان بكەوێتـە مەترســــــييەوە ئــــــەوا ڕێگــــــە نــــــادەين كــــــەس ســــــوودی لێوەربگرێــــــت".[6]

لە ناوەراستی سالی 2008 ئيران هەمان هەرەشەی دوبارە كردەوە. سەردانی د.بەرهەم سـالح بـۆ ئيران و بەردانەوەی ئاوی ئەلوەن پەيوەنـدی بـەبواری ئاسايشـی نەتەوەيشـەوە هەيـە چـونكە كيشەی ئاو كيشەی ئابوريەو كيشەی ئاسايشی گەل و ولاتە. ئەمە دەبوايە كـاری ئەنجومـەن و راويژكاری ئاسايشی نەتەوەيی عيراق و بگرە هەريم بوايە بەرامبەر بە ئيران. ئەو ئاوەی توركيا مامەلـەی پيـوە دەكـات بەرامبــەر سـوريا و عـيراق نـەك بەتـەنيا چـەكيكی سياسـيە بـەلكو كاردانەوەی قورسيشی هەيە بۆ سەر ئاسايشی نەتەوەيی و نيشتمانی ئەگـەر مـرۆڤ لەنيزكـەوە شيكاری بۆ لايەنە ئابوريەكەی بكات. ئەمانە هـەمووی سـەرنجن بـۆ ئامادەكـارانی ئەنجومـەنی ئاسايشی هەريم بۆ تيگەيشتن لەسروشت وناوەرۆكی بابەتەكە.

[6]) سبەی، 5.7.2008

## یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە مانگی 1947/7 لەژێر دەسەلاتی سەرۆکی ئەوکاتە (هاری ترومان) دروست بوو، بەلام جێگرەکەی کە بریتی بوو لە (ئالبن بارکلی) سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی دەکرد. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە یەکێك لەیەکەم لێکۆلینەوەکانی بارودۆخی جیهان کاریگەریەکی کاریگەرانەی هەبوو. موزەکەرەی (میمۆرەندوم)ی ژمارە 68 ی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە 1950/4/14 تەوسیەی سەرۆکی ئەمریکای کرد خەرجی سوپا بەتوندی زیاد بکات بۆئەوەی کاریگەری کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی جیهان تەسك بکاتەوە. دوای دواخستنێکی زۆر سەرۆکی ئەمریکا هاری ترومان رەزامەندی لەسەر تەوسیەکان دوای دەستپێکردنی جەنگی کۆریا دەربری. ئەم بریارە یەکێك بوو لە ئیرشاداتە کەمەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە هەتا ئیستە لەناو رای گشتیدا ناسرابێت. لیرەدا دەبینین کە ئەنجومەنی ئاسایش زۆربەی کات لە باکگراوندا کاریگەریی خۆی هەیە[7].



**مقەری سەرەکی وەکالەی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

**(قەوارەی بیناکەو دەوروبەر گرنگی پرۆژەکە نیشان ئەدات)**

دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (National Security Agency of USA) گەورەترین و لەرووی داراییەوە بەباشترین شیوە ئیدارە دراوە. ئەم دەزگا بەرپرسە لەچاودیری کردنی سەرانسەریی لەجیهاندا بۆ کردنەوەی نهینیەکانی کۆمونیکەیشنی

7) „http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_Sicherheitsrat_der_Vereinigten_Staaten“

ئەلکترۆنی، لەم رۆل و چالاکیەدا بەشێکە لە Intelligence Community کە سەرجەم گەیاندنی هەوال (هەوالگری) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای تێدا کۆدەبیتەوە. دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەرووی تەکنیکی ودەسەلاتەوە خراوەتە ژێر دەسەلاتی Department of Defense (بەشی بەرگری)، بەلام لە رووی ئۆپەراسیۆنەوە راستەوخۆ خراوەتە ژێر دەسەلاتی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (*National Security Advisor*) کە هاوکاریی دەسەلات (کاربەدەستان) دەکات بەبریارو زانیاریە هەوالگریەکانی. ئەنجومەنەکە کە سەرۆکی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات بۆ کاروپلان وکارپیکردنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رۆلیکی زۆر گرنگ دەبینیت و بەردەوام لە کۆشکی سپی لەواشنتن دی سی کۆبونەوەکانی خۆی ئەنجام ئەدا. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە حالەتی ئاسایدا لەسەرۆکی ولات وجیگرەکەی، وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری، بەریوەبەری نوسینگەی پلاندانانی فریاکەوتن Office for Emergency Planning، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها لە سەرۆکی سی ئای ئەی و بەرپرسی Joint Chiefs of Staff پیکهاتوەو لەحالەتی پیویستدا کارمەندی تری پایەدار دەهینریتە ناوی[8].

شیوەو پێکهاتەی دامودەزگاو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ولاتیکەوە بۆیەکیکی تر دەگۆرێ، بەلام لەناوەرۆکدا بریتیە لەپاراستنی ئاسایشی ولات و نەتەوە بەپیی بۆچوونی دەسەلات. هەردوو پارتی دەسەلاتدار CDU, CSU ی ئەلمانیا دەیانەوی لەسەر شیوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەنجومەنیکی ئاسایشی نەتەوەیی پیکبهینن بۆ مەبەستی جەنگی دژە تیرۆر. بەلام بیروبۆچونەکە لەدەرەوەی ئەو دوو حیزبە روبەرووی رەخنەی توند بۆتەوە. جیگری سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتەکان Kolbow، حیزبی یەکیتی مەسیحیە دیموکراتەکان (CDU) گوناهبار دەکات بە ئەمریکایی کردنی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی ئاسایشی ئەلمانیا. هەروەها ئۆپۆزیسیۆن ئەم پلانە بەتوندی رەت دەکاتەوە بەبەلگەی ئەوەی بارودۆخی ئەلمانیا ئەوەی ئەمریکا نیە.

## ئاسایشی ستراتیژی نەتەوەیی سەردەمی فەرمانرەوایی دەسەلاتی بوش

لە 17.9.2002 پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن دەسەلاتی بوش بلاوکرایەوە. لەسالی 1986 هوە لە ئەرکەکانی سەرۆکی ئەمریکایە بەرنامە ئاسایشە سیاسیەکەی لە

[8]) „http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_Sicherheitsrat_der_Vereinigten_Staaten“

دیۆکومینتیکی لەم جۆرە دابریژیت. هیلەکانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی سیاسی تییدا دەست نیشان بکرین. تایبەتمەندی ئەم پەیپەری ستراتیژیە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە ئامادەکراوەو گرنگی لە کاتەکەیشیدا هەیە چونکە پەیوەندی بە یەکەم رەشنوس و پلانی (کۆنسەپت)ی هەردوو سیاسەتی ئاسایش و دەرەوە هەیە دوای روداوەکەی 11 سەبتەمبەری 2001. ئەم کۆنسەپتە ئامانجە بنەرەتیەکانی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەخۆ دەگری و هەروەها ئامرازەکانی پراکتیزە کردنی. هەروەك لەئایدیاکانی سیستەمی نویی جیهانی لەمەشدا بۆچوونی ئەمریکی خۆی دەدۆزیتەوە کە دەسەلاتەکە جگە لە بۆ بەسەلامەت کردنی ئاسایشی خۆی هەمیشە بۆ ئەوەش بەکار بهینریت لیپرسینەوەی نیودەولەتیش بگریتە خۆی بەبەلگەی ئەوەی کە ئەمریکا تاکە زلهیزە بتوانێ بەم کارە هەستێت. ئەم رۆلە لەلایەن ئەمریکاوە وەك داواکاریەك لێی ئیعتباری دەکات. لەبابەتە سەرەکیەکانی ستراتیژیەتەکە جەنگی دژ بە چەکی کۆکوژی و تیرۆریزمی نێودەولەتیە. بەرگری کردن لە ولات لەئەلەمەنتەکانی بەرنامەکەن. جگە لەوە دەسەلاتی بوش باس لە ئینتەرناسیۆنالیزم دەکات بەلام دەبێت بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای پێوە لکابێت. هەروەك هەمان بارودۆخی دوای کۆتایی جەنگی سارد حکومەتی ئەمریکی لەدوای 11 سەبتەمبەری 2001 مامەلەیەکی زۆر جدی بەهاوشەریك وهاوپەیمان دەکرد. لەناو ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی ئەم جۆرە بۆچونە دەربارەی پێویستی هەماهەنگی ئەمریکا لەگەل لایەنەکانی تر نەهی لیّ دەکریّ کە لە مەترسی تەقدیرنەکراوی شەری تیرۆریزم پیویستی بە هاوشەریك و هاوپەیمانی هەمەلایەنە بکریّ. کیشەکە بۆ ئەمریکا کیشەی کاتە، کیشەی ئەنجامدانی بەرنامەی ریکەوتن وکرداری خیرا لەسەر ئاستی UN، لەبەر ئەم هۆیە و لەم دیدەوە کرداری خیرا لەگەل دەولەتەکانی ئەم ریکخراوە نیودەولەتیە بۆ ئەمریکا ئیمکان نابیت. ئەمە بەناچاری ئەو ئەنجامەی لی دەکەویتەوە کە ئیئتیلاف دەولەت وهەروەها تاك دەولەت دەبیت بریاری خۆی هەلبژیریت بۆ ئەوەی بتوانیت ئاسایشی خۆی بپاریزیت. کەواتە ئاسایشی ستراتیژی نەتەوەیی دوای تیکەلەیەك کەوتووە لەکۆنسێپتی ئاسایشی سیاسی کردارو چالاکی یەك لایەنەو هەروەها هەمە لایەنەش (هاوشەریك) دەگرێتە خۆی. هەروەها لە 16.3.2006 جۆرج بوش بەهەمان شیوە پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا راگەیاند لە 49 لاپەرەدا کە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش پێشەکیەکەی بۆ نوسیوەو بریتیە لە 11 بەش کە تییدا کار لەو بەرەنگاربونەوە سەرەکیانە دەکات کە ئەمریکا لە 11 سەبتەمبەری 2001 وە لەسەرانسەری جیهاندا بەرامبەر خۆی

دەیبینێت. تییدا جۆرج بوش بەوە دەست پێدەکات: "ئەمریکا لە جەنگدایە". بەمە چوارچێوە سیاسی– مێژووییەکە دەست نیشانکرا بۆ ستراتیژیەتەکە. ئەمە پێش هەموو شت ستراتیجیەتی جەنگە، بەواتا چۆن بەئامرازی سەربازی بەرەنگاری هەرەشە واقعیەکان، یان هەرەشە و هێرشە نا راستەکان کە تەزویرکراو بکرێت. لە دیدە سەربازیەکەوە ئەم ستراتیجیەتە باس لەو تیۆرە ناسراوە دەکات، لەدەرەوەی ولات شەری دوژمنەکە بکرێ بۆ ئەوەی فورسەتی ئەوەی نەبیت بگاتە ئەمریکا.

بەپیی ئەن بۆچوونە دەکری لێرەدا بوتری ئەم جەنگەی لەسەر گۆرەپانی عیراق دا یەکلایی دەکریتەوە لەگەل قاعیدەو هاوشیوەکانی بەئامانجی سەرقال کردن و لاوازکردنی و مەسرەف پێکردنی بۆ دوور خستنەوە لە ئەمریکا بەشیکی گرنگی ئەم ستراتیژەیە. ئەمریکایە دەیەویت قەوارە بداتە جیهان نەك بەپیچەوانەوە. لەم بۆچونەدا بۆچونەکانی بوش هاوشیوەیە لەگەل ئەوانەی سەرۆکەکانی پیشووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (ترومان و رۆنالد ریگن) وەك وینایەك بۆ دەسەلاتی ئیستە. ئەو دوو هیلەی کە ئەمریکا لەسەری باس دەکات بریتین لە "ئازادی و دادپەروەری و بەهای مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا"، هەروەها باس لە شەری دژی زولمورۆر و بلاوکردنەوەی دیموکراسی وباش کردنی گوزەران دەکات. لەلایەکی ترەوە پیکەوە کارکردن لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە دیموکراتەکانی جیهان. ئەم گوتاری کۆتاییە مەبەست لە رۆلی سەرکردایەتیە کە بەر ئەمریکا بکەویت. لە دوا دیری پیشەکی پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەییەکەدا سەرۆکی ئەمریکا دەلیت ئەمریکا دەبیت بەردەوام سەرکردە بێت. ئاسایشە نەتەوەییەکەی 2006 لەسەر بنەماکانی پیش ئەوەی 2006 دروست بوە. ئەو بارودۆخە گۆراوەی دەسەلاتی ئەمریکا بەرامبەرخۆی دەیبینیت بریتیە لەوەی کە سەرکەوتن لە دژی هەرەشە گەورەکانی سەدەی بیست لە فاشیزم و کۆمۆنیزم بەدەست هینرا. ئیستە لە شوینی ئەمان ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتێر هاتۆتە کایەوە کە لەسەر ناسروشتیەکی ئاینیکی شانازی پیوەکراو وەستاوە. بەلام نوسینەکە لە (لاپەرە 6) دا خۆی لەئاماژە کردن بە ئیسلام، یان ئیسلامیزم لائەدات هەرچەندە مەبەستی لەمە. لە بەشی یانزەدا باس لەوە دەکرێ کە ئەمریکا هەرچەندە هیزیکی گەورەیە بەلام لەتوانایدا نیە سەرجەم کیشەکان بەتەنیا چارەسەر بکات. بەم شیوەیە پیویستی بە کۆئۆپەرەیشن (هاوکاری) هەیە، بەلام تێیدا دوبارە جەخت لەسەر رۆلی سەرکردایەتی ئەمریکا دەکاتەوە: "ئەمریکا دەبیت بەریگای کردەوەو بەریگای وێنابوون سەرکردەیی بکات". لەبەشی پینجەمدا لە لاپەرە 20 دا کە باس لە تەشەنە کردنی چەکی

کۆکوژی دەکات لەم پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەییەی 2006 دا توندوتیژترین ئاماژە بە ئیران دراوە. دەنوسێت:"رژیمی ئیران خەرجی دارایی تیرۆریزم دەکات و هەرەشە لەئیسرائیل دەکات، لەهەولی ئەوەدایە پرۆسەی رۆژهەلاتی ناوەراست تیك بدات، پرۆسەی دیموکراتی لەعیراق دا تیك ئەدات دژ بە خواستی گەلەکەی بۆ ئازادی"[9]

ئامانجە سەرەکیەکانی ستراتیژیەتەکەی ئەمریکا نزیکەی هاوشیوەیە لەگەل ئەوانەی سیستەمی نویی جیهانی، گەشەکردنی ئابوری جیهان و ئازادی بازرگانی نیودەولەتی... تاد. سەر بەم کۆنسیپتەی ئەمریکان. بەم کۆنسەپتەی سیاسەتی ئاسایش ودەرەوەو بەکاریگەری ئەم ئامرازە ئەمریکا بەدوای سیستەمیکی نویی کۆمەلایەتی وسیاسیدایە لەجیهاندا. ئەم پرۆژەیە لەدیدی ئەمریکاوە لەریگای تەنیا ئەم زلهیزیەی ماوەتەوەو دەکریّ ئەنجام بدریّ کە ئەمیش ئەمریکایە، لەبەر ئەوە دەبیت لەم دیدەوە ئازادی مامەلەکردنی پیّ بسپێردریت و لەدیدی خۆیەوە هەولەکانی پۆزەتیفن هەربۆیە وای بۆ دەچیت کەشایستەی پشتگیری لێکردنە.

## رۆلی دەزگای هەوالگری بۆ سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی

دەزگای هەوالگری رۆلیکی گرنگ وکاریگەر دەبینێت بۆ سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. هەموو زانیاریەکی هەلە دەکری ئەنجامی خراپی لی بکەویتەوە بۆ سەر بریارەکانی دەسەلاتی سیاسی، بۆ نمونە لەسەر ئاستی یاسای دژە تیرۆر و سیاسەتی دەرەوەی هەریم. بۆ تیگەیشتنیکی زیاتر بروانە ئەم رونکردنەوەیەی خوارەوە: "کۆشکی سپی پلانیکی ئامادە کردوە بۆ سەرلەنوی ریکخستنەوەی دەزگای هەوالگری ئەمریکا (CIA). بەپیی هەوالی چەند ئاژانسیکی ئەمریکی، کۆشکی سپی بەنیازە چاوخشاندنەوە بکات بە پەیوەندیەکانی لەگەل ئەو کەس و لایەنانەی هەوال و زانیاریان پیشکەش کردوە. پەرلەمەنتار (جین هیرمان) بە رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی راگەیاندبوو کە بەپیی ئەم ریکخستنە نوییەی دەزگای هەوالگری

[9]) Uni Kassel, AG Friedensforschung, strutype@uni-kassel.de

ئەمریکا بەرپرسی دەزگاکە دەتوانیت سیاسەتی تایبەت بەخۆی پیشکەش بەسەرۆکی ئـەمریکا بکات ودەبیت خالی هەماهەنگی هـەبیت لـەنیوان ئـەو 16 ئاژانسـە هەوالگریـەی کـە لەئـەمریکا کاردەکات. رۆژنامـەی ول سـتریت جۆرنـالیش بلاویکـردەوە کـەوا بـەپیی ئـەم ریکخسـتنەوەیە کەنزیکی سالیکی پیچوە بەپرسەکانی هەوالگری پیکەوە کـار دەکـەن بـەلام هەریەکـەیان مـاف ئـەوەی دەبیـت داوای هاوکـاری لـەدەزگا هەوالگریـەکانی دەرەوەی ئـەمریکا بکـات. ئەمـەش پیشتر تەنها لەدەسەلاتی (CIA) بوە"[10]. جگە لەیەکگرتنەوەی هـەردوو دەزگاکـانی ئاسایشـی دوو حیزبەکە و هەردوو دەزگای هەوالگری پاراسـتن و زانیـاری پیویسـتە بـیر لـە سیسـتەمیکی نویی دەزگای هەوالگری بکریتەوە لەسەر ئاستیکی تەندروست و نەتەوەیی و مۆدیرن.

## ئەو لایەنە کوردیانەی لەهەریم بەشدارین لە دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی دا

***وەزارەتی ناوخۆ**

–ئاژانسی کاروباری پۆلیس

– ئاژانسی کاروباری ئیداری

–ئاژانسی زانیاری و لیکۆلینەوە نیشتمانیەکان

***راویژکاریەتی ئاسایشی نەتەوەیی**

– راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەریمی کوردستان

–جیگری راویژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەریمی کوردستان

– راویژکاری سەربازی

– راویژکاری راگەیاندن

– راویژکاریەتی ئاسایشی ناوخۆ

– بەریوەبەری گشتی سیاسی وئابوری

– بەریوەبەری گشتی یاسایی

– بەریوەبەری گشتی سیاسەتی نیودەولەتی

– جیگری بەریوەبەری گشتی ناوەندی پلاندانان

– سکرتیری لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی

---

[10]) سایتی سبەی، 31.7.2008.

– سکرتێری لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نیشتمانی – ئاژانسەکان

***وەزارەتی بەرگری**

– بەڕیوەبەرایەتی گشتی هەوالگری و ئاسایش

– بەڕیوەبەرایەتی ئیستخباراتی سەربازی (هەوالگری پیشمەرگە)

***جیهازی موخابەرات**

***وەزارەتی داد**

***وەزارەتی دارایی**

***وەزارەتی دەرەوە** (دانانی دەزگاکان بەپیی پیویستی هەریمی کوردستان بیت).

## دەرئەنجام

* لەبەر رۆشنایی واقعی عیراق و ناوچەکە لەئەمرۆ و ئایندەدا هەریمی کوردستان پیویستی بەپرۆژەو ئەنجومەنیکی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە.ئەم پرۆژەیە پیچەوانەی یاسا نیەو پیویستە لەدەستوری هەریمی کوردستان و ئەوەی ناوەند تەسبیت بکری بەلام ئەولەویەت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

* جودا کردنەوەی ئاسایشی حیزب لەئاسایشی نەتەوە. پیشتر نەتەوە، دواتر حیزب. ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی حیزبیش لەخۆدەگریت.

* سوود لە کەسانی پسپۆرو ئەکادیمیست و دلسۆزو خاوەن ئەفکارو لیهاتوو وەربگیریت دوور لەئینتیمای حیزبی و ئینتیما بۆ سەرۆك، بەلکو ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان و دادوەری و گەشەو پیشکەوتن.

* یەکگرتنەوەی فیعلی وەزارەتەکان و هیزی پیشمەرگەو دەزگاکانی هەوالگری و ئاسایشی هەردوو حیزبەکەو نەمانی دەسەلاتی دوو ئیدارەیی و یەکیتی نەتەوەیی. ئاسایشی خۆراك و زەمانی کۆمەلایەتی و ئابوری و بایەخدان بەژینگە...تاد. دەزگای هەوالگری نیشتمانی و دەزگای ئاسایش، هیزی لەشکری گولان و هیزی پیشمەرگەی کوردستان، دەزگاکانی دژە تیرۆر و هیزی بارزان... ببنە هیزی دامودەزگایی میللی نەك میلیشیای حیزبی. ئەمانە هەمووی بۆ دروستبونی پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی هەریمی کوردستان لەسەر بنەمای دەستوریکی دادپەروەرانە.

* پەرلەمانی هەریمی کوردستان دەستوریکی شەرعی نوسراوی هەمیشەیی هەبیت لەسەر بنەمای راپرسی گەل. لەم دەستورەدا پرۆژە یاسای ئاسایشی نەتەوەیی تیدا بەتەوای پیناسە کرابیت. سنوری ولاتی تیدا دەستنیشان کرابیت بەپیی واقعە میژوویی و جوگرافیەکەی.

* مافی کەمایەتی وکەمە نەتەوەییەکان، ئازادی و مافی ئاین و مەزهەب بەلام ریگادانان بۆ فەناتیزمی ئاینی.

* دەسەلاتیکی دیموکرات کە توانای پەروەردەی ئاشتی کۆمەل و ریگا گرتن لە تیرۆریزم و زەبروزەنگ و تەسك نەکردنەوەی ئازادی هەبیت. دیموکراسیەت وئازادی بیرورا خزمەتی ئاسایش دەکات.

* پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەرجەم باشوری کوردستانە.

* ئاسایشی ئەنجومەن و بارەگای ئەم شوینە بەباشترین و مۆدیرنترین شیوە پاریزراوبێت چونکە کورد دوژمنی سەرسەختی زۆرە و لەناوچەیەکی باروتدا دەژی.

* ئەو کەسانەی لەم دەزگایەدا دەستبەکار دەبن بەتایبەت لە شوینە زۆر حەساسەکاندا دەبیت ئیمتیحان کراو بن، نیشتمان خۆشەویست بن. لە رووی دەرونی و کەسایەتیەوە پتەو بن. بۆ ئەوەی نەکڕدرێن موچەی گونجاو بدرێن.

*حکومەتی مەرکەزی بەم پیکهاتەیەی ئیستەی نە دەیەوی وە نە دەتوانیت ئاسایشی هەریم بپاریزیت وە نە ئەوەی خۆی دەتوانیت بپاریزیت. خۆلادان لە بۆردومان کردنەکانی تورکیاو ئیران بۆ سەر هەریمی کوردستان کە بەرەسمی بەشیکە لە خاکی عیراق زەنگیکی مەترسیدارەو پەیامیکی گرنگە بۆ کورد بکەویتە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی.

* فکری سەنترالیزم هیشتا زالە بەسەر فکری عەرەبی و ئیسلامی عیراقدا.

* زمانیکی کوردی فەرمی کە لەسەر ئاستی سەرجەم بوارە رەسمیەکانی ولات کاری پێبکریت. زمان فاکتەریکی گرنگی کەلتورو ناسنامەی نەتەوەو بوونە.

* لەریگای کشتوکالەوە بیر لەئاسایشی خۆراك بکریتەوە کەپایەیەکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. دەستەبەر کردنی ئاسایشی خۆراك بەدەستەبەر کردنی ئاسایشی ئاو. ئاو نەوتە، ئاو چەك وکارتی سیاسیە.

* زیاتر لەملیۆنیك مووچە خۆر هەیە لەهەریمی کوردستان، بەریگای بوژاندنەوەی گوندەکان وکەرتی کشتوکال و پیشەسازی محەلی دەکری ژمارەی فەرمانبەران کەم بکریتەوە بەوەی کۆمەلگایەکی موستەهلیك بکریتە کۆمەلگایەکی بەرهەمهینەر. ئەگەر ئابوریمان باش بکەین چاوەریی یارمەتی بەغدا نابین جورئەتی بابەتی جیابونەوەش دەکەین.

* دەسەلاتی سیاسی هەریم هەتا ئیستە نەیتوانیوە یان نەیویستوە پرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ونیشتمانی ئامادە بکات و بیکاتە دەزگا.

# سەرچاوەکان


- کۆمەلیك پسپۆر، ئاسایشی نیودەولەتی، و: قادر وریا، هەولیر، 2006.
- رۆژنامەی رۆژنامە، بەشی سیاسەت، ژمارە 170 - 171 3.3.2008.
- رۆژنامەی رۆژنامە، بەشی سیاسەت، ژمارە 166، 25.2.2008، نوسینی سالار باسیرە.
- رۆژنامەی رۆژنامە، بەشی سیاسەت، 10.6.2008 ، نەجدەت ئاکرەیی.
- استراتیجیە الامن القومی العراقی، 2007-2010.
- گۆڤاری شپیگلی ئەلمانی، ژمارە 31، 2009.
- Uni Kassel, AG Friedensforschung, strutype@uni-kassel.de
- http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_Sicherheitsrat_der_Vereinigten_Staaten“
- مۆزەخانەی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن، 2010.


# ئینتەرنێت


- سبەی، 5.7.2008، سبەی، 30.8.2008، 31.7.2008.